# ئەنتۆنی گیدنز

# شۆڕش و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

**و. هیوا حاجی دێلۆیی**

**کوردستان – هەولێر**
**٢٠٠٥**



**کتێبی لێوەرگێڕدراو**

**انتونی گیدنز، جامعەشناسی**

**ترجمە: منوچهر صبوری، نشرنی، تهران**

**چاپ دوازدهم ١٣٨٢ (٢٠٠٣)**

**ناوی کتێب: شۆڕش و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان**

- نووسینی: ئەنتۆنی گیدنز
- وەرگێڕی فارسی: منوچهر صبوری
- و: هیوا حاجی

شوێنی: تهران – نشرنی، ١٣٧٦

لە لاپەڕە ٦٥٨ – ٦٨٦ کتێبی ((وەرگێڕدراوە))

- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: (٣١٩)
- چاپی یەکەم
- نرخ: ١٠٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە٠

زنجیرەی کتێب – ٢٠ – (١٢٣)

**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن: 2260311**

**www.mukiryani.com**

# ناوەڕۆك


پێشەکی وەرگێڕ ..... ٥

پێناسەی شۆڕش ..... ١٣

شۆڕشەکان لەسەدەی بیستەمدا ..... ١٥

شۆڕشی ڕوسیا ..... ١٥

شۆڕشی چین ..... ٢٠

ئەزموونی کوبا ..... ٢٤

تیۆرەکانی شۆڕش ..... ٢٩

تیۆری مارکس ..... ٣٠

هەڵسەنگاندن ..... ٣٤

چالمرز جۆنسۆن: شۆڕش وەك ناهاوسەنگی ..... ٣٥

هەڵسەنگاندن ..... ٣٩

جێمز دێڤیس: بۆچی شۆڕش ڕوودەدات؟ ..... ٤٠

هەڵسەنگاندن ..... ٤١

چارلز تیلی: تیۆری ناڕەزایی ..... ٤٢

هەڵسەنگاندن ..... ٤٧

دەرئەنجامەکانی شۆڕش ..... ٤٩





دەرئەنجامە کورتەکان ..... ٥٠

دەرئەنجامە درێژەکان ..... ٥٢

ئاژاوەکان، ئاپۆرەکان و شێوەکانی تری کاری بە کۆمەڵ ..... ٥٥

تیۆری لۆبۆن دەربارەی کردەی ئاپۆرە ..... ٥٦

لایەنە عەقلانییەکانی کردەی ئاپۆرە ..... ٥٩

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ..... ٦٣

پێناسە ..... ٦٣

پۆلێن کردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ..... ٦٥

تیۆرەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ..... ٦٧

نیل سملسەر: شەش مەرج بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ..... ٦٨

ئالان تۆرین/ مێژووگەرایی ..... ٧٢

هەڵسەنگاندن ..... ٧٥

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سۆسیۆلۆژیا ..... ٧٦

کورتە ..... ٧٦

چەمکە بنەڕەتییەکان ..... ٧٩

چەمکە گرنگەکان ..... ٧٩

سەرچاوە بۆ خوێندنەوەی زیاتر ..... ٨٠

# پێشەکی وەرگێڕ

پەیوەندی کۆمەڵناسی بە شۆڕش و بزووتنەوەو شێوەکانی تری ڕەفتاری بە کۆمەڵ بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە. تەنانەت هەندێ جار وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو ڕاستییە زانستیە مێژووییەی کە کۆمەڵناسی لەناو زەمینەی ڕەخساوی پاش شۆڕشی فەرەنسی بەشێوەیەکی فەرمی سەری هەڵداوە، دەڵێن ((کۆمەڵناسی، کوڕی شۆڕشە)).

بەرپابوون و سەرکەوتنی شۆڕشەکە — شۆڕشی فەرەنسی — و دەرهاویشتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و فیکرییەکانی ڕەوشێکی نوێی لەسەر ئاستی کۆمەڵگای فەرەنسی، بەتایبەتی هێناکایەوە کە سیما دیارەکانی ئەم ڕەوشە بریتی بوون لە هەژاری، چەوساندنەوەو لێکترازانی کۆمەڵایەتی و فەوزاو بێ سەرو بەریی فیکری. تێکڕای ئەم هەلومەرجە نوێیە پاڵی بە زانای فەرەنسی (ئۆگست کۆمت)ەوە نا تا بیر لە دامەزراندنی زانستێك بکاتەوە بۆ دیراسەتکردنی کۆمەڵگاو هەوڵی دۆزینەوەی یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فیکریی مرۆڤایەتی بدات. کۆمت لەسەرەتادا ناوی لەم زانستە نوێیە نا (فیزیای کۆمەڵایەتی)، بەڵام دواتر لەوە ئاگادار بۆوە کە ئەم ناوە پێشتر لەلایەن زانای بەلجیکی (ئەدۆڵف کیتیلیە) بۆ مەبەستێکی تر بەکارهاتووە بۆیە هەستا بە گۆڕینی ئەم ناوە بۆ سۆسیۆلۆجیا واتە کۆمەڵناسی.



بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و لەناویشیاندا بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بەتایبەتی، لەماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا، هۆکاری گرنگ و یەکلاکەرەوە بوون لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی قوڵ لەناو کۆمەڵگاکاندا. دیارترینی ئەم شۆڕشانە، شۆڕشی ١٧٧٦ی ئەمریکا و ١٧٩٨ی فەڕەنسا و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیا و... بوونە کە لەناو زەمینەی جیاوازدا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی جۆراوجۆر هەڵگیرساون.

گرنگی و بایەخی زیاتری ئەم شۆڕشانە لەوە دایە کە ئەم شۆڕشانە لەناو سنووری کۆمەڵگاکانی خۆیاندا پەنگیان نەخواردۆتەوە، بەڵکو زۆرجار بوونەتە هاندەر و دروشمەکانیشیان بوونەتە دروشم و بانگەشە بۆ شۆڕشی تر کە لە کۆمەڵگای جیاواز و هەندێ جار زۆر دوریش لەڕووی جوگرافیەوە ڕوویانداوە.

شۆڕش لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیدا وەك پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت. بۆ تێگەیشتنیشی پێویستە بخرێتە ناو بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاوە. واتە کاتێك وەك توێژەرێك هەوڵی دیراسەتکردنی شۆڕشێك دەدەین پێویستە بەدوای ئەو خەلەلە بونیادیانەدا بگەڕێین کە بونیادە کۆمەڵایەتییەکە تووشی هاتووەو وا لە خەڵکی دەکات کە بیر لە شۆڕش بکەنەوە.

ئەم پرۆژەیە — شۆڕش — لە بەیەکگەیشتنی بەلایەنی کەم دوو توخمی سەرەکی پێك دێت، ئەوانیش: یەکەم، هەلومەرجی بابەتی و دووەم،

هۆشیاری شۆڕشگێڕییە و بەبێ بوونی هەریەك لەم دوو توخمە مومکین نییە هیچ شۆڕشێك رووبدات.

مەبەست لە هەلومەرجی بابەتی بریتییە لە جۆرو سروشت و گرفت و کەموکوڕی سیستەمە جیاوازەکانی ناو بونیادی کۆمەلآیەتییەکە. هەر لە سیستەمی سیاسییەوە بگرە — کە گرنگییەکی زۆری هەیە — تا دەگاتە سیستەمی کولتووری و بەهاییەکانی کۆمەڵگا. هەموو ئەمانە جێی بایەخن لە تێگەیشتنی هۆکارەکانی شۆڕش.

سیستەم و دامەزراوەی سیاسی لە کۆمەڵگادا، ئایدیۆلۆجیا و جیهانبینی دەستەبژێری دەسەلآتدار، رێگەدان بەبوونی کەناڵی جیاواز بۆ ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵ لە رێگایانەوە قسەی خۆیان بکەن، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داخوازییەکانی جەماوەر، هەموو ئەمانە خاڵی جەوهەرین بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش.

سیستەمی ئابووری و هەموو ئەو دیاردە و گیروگرفتانەی پەیوەندییان بەم سیستەمەوە هەیە وەك هەژاری، گەندەڵی ئابووری، نایەکسانی لە دابەشکردنی سامانەکانی ولآت و... هۆکارو زەمینەن بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش.

تێکڕایی ئەم بارودۆخانە توخمی یەکەمی پڕۆژەکە پێك دێنن کە بەتەینا و بەبێ بوونی توخمی دووەم — وەك پێشتر باسکرا — کە هۆشیاری شۆڕشگێڕییە شۆڕشێك روونادات. مەبەست لە هۆشیاریی شۆڕشگێڕی بریتییە لەو تێگەیشتنەی کە لەلای خەڵکی دروست دەبێ سەبارەت بەو



بارە ناهەموارەی کە تیایدا دەژین و لە هەمان کاتیشدا باوەڕێکە بەوەی کە تەنیا لەماوەی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕیدا دەکرێ هەوڵی هەڵگەڕاندنەوەو سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی دامودەزگا و سیستەمەکانی کۆمەڵگا بدرێت. تا لەم رێگایەوە کۆتایی بەسەرجەم نەهامەتییەکانی خەڵکی بهێنرێ.

لە توێژینەوەی شۆڕشدا پێویستە جیاوازی لە نێوان هۆکارە راستەقینەکانی شۆڕش لە لایەك و ئەوەی پێی دەڵێن هەلی رەخساو یان گونجاو بۆ دەستپێکردنی شۆڕش بکرێت. هەلی رەخساو یان گونجاو ئەو خاڵە زەمەنییە کە بەسەرەتاو دەستپێکی شۆڕشەکە دەناسرێ. بۆ نموونە هێرشکردنە سەر بەندیخانەی (باستیل) لە فەرەنسا هۆکاری راستەقینەی شۆڕشەکە نەبوو بەڵکو هەلێکی گونجاو بوو بۆ تەقینەوەی شۆڕشەکە. هۆکارە راستەقینەکان ئەو خەلەلە بونیادی و وەزیفیانە بوون کە لەناو بونیادی کۆمەلآیەتی کۆمەڵگادا بوونیان هەبوو.

بزووتنەوەی کۆمەلآیەتی بەو کۆششە بە کۆمەڵە دەوترێت کە لە دەرەوەی دامودەزگا رەسمییەکاندا بۆ بەدیهێنانی هەندێ ئامانج دەخرێنە گەڕ. شۆڕش و بزووتنەوە کۆمەلآیەتییەکانی تر لە چەند روویەکەوە لێك جیاوازن. لە شۆڕشدا هەمیشە توندوتیژی بەکاردێت یان ترساندنێك ئامادەیی هەیە بە بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەگەر دەسەلآتداران بەپیر بانگەشەی شۆڕشگێڕانەوە نەچن، بەلآم مەرج نییە کە توندوتیژی لەناو بزووتنەوە کۆمەلآیەتییەکاندا بەکاربێت یان هەڕەشەی پێ بکرێت.

شۆڕش خاوەن پێگەیەکی جەماوەریی فراوانە، واتە زۆربەی توێژال و چین و گروپەکانی کۆمەڵگا هاوسۆزن لەگەڵیداو پشتگیری لێ دەکەن، ئەوانەی دژایەتی لێ دەکەن خەڵکانێکی کەمن کە لە بارودۆخی پێش شۆڕش سوودمەند بوونە. جاشەکان نموونەی ئەم خەڵکانەن لە کۆمەڵی کوردەواریدا. بەڵام بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر پەیوەنددارن بە بەرژەوەندی بەشێك لە کۆمەڵگا لەبەرئەوە مەرج نییە زۆربەی زۆری جەماوەر پشتگیرییان لێ بکەن هەروەکو مەرجیش نییە دژایەتی بکرێن.

شۆڕشەکان هەمیشە هەوڵی گۆڕانی ریشەیی و قوڵ دەدەن و دەیانهەوێ هەلومەرجێکی تەواو جیاواز لەوەی رابردوو لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بێننەکایەوە. بەڵام بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاریکراوترن لە ئامانجەکانیان و هەوڵی ئاوها گۆڕانێك نادەن. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێ کە هەموو جۆرەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەوڵی گۆڕان نادەن، بەڵکو جۆرێك لەم بزووتنەوانە — بزووتنەوە بەربەستکارەکان لەبەر هۆکارگەلی زۆر دژی هەر جۆرە گۆڕانێك رادەوەستن کە بزووتنەوەکانی تر هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن.

((شۆڕش و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان)) ناونیشانی بەشێکە لە کتێبی ((کۆمەڵناسی)) کە کتێبێکی قەبارە گەورەو ناوەڕۆك دەوڵەمەندی بیرمەند و تیۆروانی ئینگلیزی (ئەنتۆنی گینز)ە.



جا لەبەر گرنگی بابەتەکەو کەمی سەرچاوەی زانستی و ئەکادێمی بە زمانی کوردی سەبارەت بەم بابەتە و هەمیش لەبەر گرنگی بیروڕاو و سەنگی زانستیی تیۆرو بیروبۆچوون و بلاوکراوەکانی ئەم تیۆروانە هاوچەرخە هەستام بەوەرگێڕانی ئەم بەشە. هیوادارم سوودمەند بێت بۆ ئەو بەرێزانەی کە لەم بوارەدا خەریکی خوێندنەوەو توێژینەوەن.

لە کۆتاییشدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی بەرێز (مراد حکیم محمد) مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی کۆمەڵناسی بکەم بۆ سەرنج و تێبینییەکانی لەسەر نوسخەی رەشنووسی وەرگێرانەکە کە سوودمەند بوون لە دارشتنەوەی هەندێ بڕگە و رستە بەشێوەیەکی باشتر.

لە ماوەی دوو یا سێ سەدەی رابردوودا شۆڕشەکان گەورەترین گۆڕانیان لە مێژووی جیهاندا بەدیهێناوە. شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا لە ساڵەکانی ١٧٧٦ و ١٧٨٩ گرنگترین شۆڕشەکانی سەدەی هەژدە بوون. هەندێ لە تێڕوانینەکانی سەرکردەکانی ئەم شۆڕشانە کاریگەریی زۆریان بەجێ هێشت. چەمکەکانی ئازادی، هاولاتی بوون و یەکسانی کە ئەم دوو شۆڕشە لە پێناویاندا خەباتیان دەکرد، دواتر بوونە سەرەکیترین بەهای سیاسی مۆدێرن. ڕاگەیاندنی ئەو بەهایانە وەك ئامانج — بەو گریمانەیەی کە لە ڕێگای پێکەوە کارکردنی خەڵك دەکرێ بەدی بهێنرێن- تازەگەرییەکی قووڵی مێژوویی بووە. لەسەردەمانی پێشوودا، تەنها یۆتۆپیترین خەیاڵیستەکان بوون کە ئازایەتی ئەوەیان هەبوو بڵێن مرۆڤەکان توانای دروستکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆیان هەیە کە تیایدا هەر کەسێك ئازاد بێ لە بەشداریی سیاسیدا.

چەمکی شۆڕش بەواتای ئەمڕۆیی تا ڕادەیەك هاوکات لەگەڵ چەمکی دیمۆکراسیدا بڵاوبۆوە. بەکارهێنانی ئەم چەمکە کاتێ سەرتاپاگیر بوو کە سەرکەوتنی خەباتی ئەمریکی و فەڕەنسییەکان ئەوەی ڕوون کردەوە کە شتێکی نوێ لە جیهاندا پەیدابووە. توێژەری ئەورووپی ئەلێکسی دوتۆکڤیل کە بە چاوێکی تیژەوە پێش هەر کەسێکی تر دەربارەی ئەمریکا و فەڕەنسای ئەو سەردەمە نوسیویەتی دەڵێ: ئەوەی لەسەرەتادا بۆ پادشاو سیاسەتمەدارانی ئەورووپا وەك تەنها قۆناغێکی تێپەڕ و نیشانەیەکی سروشتی دەردە کەڵەکەبووەکانی میللەت دەهاتە پێش چاو، ئەمڕۆ ئاشکرا بووە کە شتێکی تەواو نوێ، تەواو جیاواز لە هەر بزووتنەوەیەکی پێش خۆی و ئەوەندە فراوان و لە ڕادەبەدەر و دوور لە پێشبینی کردنە کە خەیاڵی مرۆڤ سەرسام دەکات (Tocqueville, 1966 p. 35).

لەو کاتەدا ((شۆڕش)) هێشتا لە ژێر کاریگەری مانای پێشوویدا بریتی بوو ((لە جووڵان لە ناو بازنەدا)) (بەهەمان ئەو واتایەی کە ئێمە باس لە خولانەوەی تایەی ئامرازێکی گواستنەوە دەکەین لە کاتی جوولانیدا). لە ڕاستیدا ڕێبەرانی شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا لەو باوەڕەدا بوون کە ئەوان بۆ دۆخی سروشتی بارودۆخەکان دەگەڕێنەوە. ئەوان ڕایانگەیاند کە مرۆڤەکان بە ئازادی و یەکسانی لە دایك دەبن، بەڵام لە حکومەتی پادشا و دەست و پێوەندەکانیاندا تووشی ستەم هاتوون. شۆڕش هۆکاری دووبارە گەڕاندنەوەی بارودۆخی ئاسوودەی سروشتییە بۆ ئەوان، لەبەر ئەوە لە هەندێ ڕوودا ناوەڕۆکی نوێی



شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە گەورەترین ڕۆڵیان لە هەڵگیرساندنیاندا هەبووە ڕوون نەبوو. کاتێ ئاشکرا بوو کە هەندێ لە گۆڕانە بەدیهاتووەکان هەمیشەیین، و کاتێ ئەو ئامانجانەی کە شۆڕشگێڕان لە پێناویاندا خەباتیان دەکرد نفوزێکی زیاتری بە دەست هێنا، شۆڕش بە شێوەیەکی فراوان بەو کارە بە کۆمەڵە دەوترا کە مەبەست لێی نۆژەنکردنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتییە (Abrams, 1982). ئەگەرچی لەو دەمەوە هەندێ لە شۆڕشەکان بە مەبەستی ژیاندنەوەی ڕابردوو هەڵگیرساون، چەمکی شۆڕش بە زۆری لەگەڵ چەمکی پێشکەوتن لە پەیوەندی دابووە- و نیشانەی دابڕان بووە لە ڕابردوو لە پێناو بەرقەراکردنی سیستەمێکی نوێ بۆ ئایندە (Arendt, 1963).

شۆڕش چییە؟ ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیانە چین کە دەبنە هۆی گۆڕانی شۆڕشگێڕی؟ چۆن دەکرێ بزووتنەوەکانی ناڕەزایی Movements of Protest یا یاخیبوون rebellion شی بکەینەوە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە دەبێ لەم بەشەدا بیان وروژێنین. سەرەتا پێویستە پێناسەی چەمکەکان بکەین. بەبێ زانینی ئەو هەلومەرجانەی کە پرۆسەی گۆڕانی گەورەیان لێ کەوتۆتەوە مومکین نییە شۆڕش بە شێوەیەکی گشتی دەرك بکرێ. لەبەر ئەوە پێش باسکردنی هەوڵی بیرمەندان بۆ پێشکەش کردنی گشتاندنێکی تیۆری سەبارەت بە گۆڕانی بونیادی سیاسی و کاریگەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی تێروتەسەل تر چاو لە چەند شۆڕشێك دەکەین.

# پێناسەی شۆڕش

سەرەتا پێویستە تا ئەو ڕادەیەی دەکرێ بە وردی پێناسەی چەمکی شۆڕش بکەین. بەکارهێنانە سروشتییەکانی ئەم چەمکە بەڕادەیەکی زۆر لێك جیاوازن. بۆ نموونە کودەتا کە بە گۆڕینی گروپێك لە ڕێبەران بەهۆی گروپێکی تر بەبێ هیچ گۆڕانێك لە دامودەزگا سیاسییەکان و سیستەمە گشتییەکە دێتەدی، لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە، شۆڕش نییە. بۆ ئەوەی کۆمەڵێك ڕووداو ببنە شۆڕش پێویستە چەند تایبەتمەندییەکیان هەبێ:

١- ڕووداوگەلێك دەبنە شۆڕش کە لە ناوخۆیاندا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری هەڵبگرن. ئەم مەرجە ئەو بارودۆخانەی کە تیایدا پارتێك لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، یا گروپێکی بچووك، وەك سەرکردەکانی سوپا دەست بەسەر هێزدا دەگرن، ڕیزپەڕ دەکات.

٢- شۆڕش پرۆسەی چاکسازیی گەورە یا گۆڕانی لێدەکەوێتەوە (Skocpd 1979 p.p 45). **جۆن دان** وەبیر دێنێتەوە کە ئەو کەسانەی دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن دەبێ بە شێوەیەکی بنەبڕ زیاتر لەوانەی کە لەسەر کار لادراون توانای حکومەت کردن بەسەر کۆمەڵگایاندا هەبێ کە کۆنترۆڵیان کردووە. ڕێبەریی دەبێ بەلایەنی کەمەوە توانای بەدیهێنانی هەندێ لە ئامانجەکانی هەبێ (Dunn, 1972, p.p 15-16). لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر گروپێك سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، بەڵام نەتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەر حوکم بکات، ناکرێ بگوترێ شۆڕشێك



ڕوویداوە. کۆمەڵگایەکی ئاوا ڕەنگە تووشی ئاژاوەو بێ سەروبەر و دواتریش دارِمان ببێ.

**٣-** لە شۆڕشدا توندوتیژی بەکاردەهێنرێ یا هەڕەشەی بەکارهێنانی دەکرێ لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە بزووتنەوەی جەماوەریدا بەشداری دەکەن. شۆڕشەکان ئەو گۆڕانە سیاسییانەن کە لە بەرامبەر بەرگریی سەرانی ڕژێمە کۆنەکە سەرهەڵدەدەن کە ئامادە نین بەبێ هەڕەشەی توندوتیژی یا بەکارهێنانی توندوتیژی دەست لە دەسەڵات هەڵگرن.

ئەگەر ئەو سێ پێوەرانە پێکەوە کۆبکەینەوە دەکرێ بەم شێوەیە شۆڕش پێناسە بکەین: شۆڕش بریتییە لە دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن ڕێبەرانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری، بەمەبەستی کەڵك لێوەرگرتنی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی گەورە.

شۆڕش لەگەڵ یاخیبوونی چەکداری جیاوازی هەیە کە هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی دەکات یانیش کەڵکی لێوەردەگرێ بەوەی کە هی دووەمیان نابێتە هۆی بەدیهێنانی گۆڕانێکی ئەوتۆ. تا نزیکەی سێ سەد ساڵ لەمەوبەر زۆربەی سەرهەڵدانەکان یاخیبوون بوون نەك شۆڕش، بۆ نموونە لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست جار جار کۆیلە و جوتیاران لە دژی خاوەن کارەکان سەرهەڵدانیان دەکرد (Scott, 1986, Zagorin 1962)، بەڵام هەمیشە ئامانجیان بەدیهێنانی مامەڵەکردنێکی باشتر بووە لەگەڵیان لە لایەن خاوەن کارەکان، یانیش گۆڕینی کەسێکی زۆر دیکتاتۆر بە کەسێکی کەم توندوتیژتر. هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕیشەیی لە پێکهاتەی سیاسیی کۆمەڵگا بەکردەوە کارێکی نەزانراو بووە.

# شۆڕشەكان لە سەدەی بیستەمدا

تا ڕادەیەك هەموو شۆڕشەكانی سەدەی بیستەم لە كۆمەڵگا تازە گەشەسەندووەكاندا ڕوویانداوە، نەك لە كۆمەڵگا پیشەسازییەكان. دوو ڕووداوی شۆڕشگێڕی كە قووڵترین دەرئەنجامیان بەسەر هەموو جیهاندا هەبووە، شۆڕشی ١٩١٧ی ڕووسیا و شۆڕشی ١٩٤٩ی چین بوون. هەردوو شۆڕشەكە لە دوو كۆمەڵگای تا ڕادەیەك زۆر لادێیی و كشتوكاڵی ڕوویانداوە، ئەگەرچی ڕووسیا لەوساوە تا ئێستا بە ئاستێكی بەرزی بە پیشەسازیبوون گەیشتووە. هەروەها زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێیەمیش لەو سەدەیەدا ئەزموونی شۆڕشیان هەبووە وەك مەكسیك، توركیا، میسر، ڤێتنام، كوبا و نیكاراگوا.

## شۆڕشی ڕووسیا

بەر لە ساڵی ١٩١٧، ڕووسیا لە ڕووی ئابوورییەوە وڵاتێكی دواكەوتوو بوو كە قەیسەرەكان (ئیمپراتۆر یان پاشایەكان) دیكتاتۆرانە فەرمانڕەواییان بەسەردا دەكرد. بەشی زۆری دانیشتوانەكەی لادێیی و هەژاربوون و ڕژێمی قەیسەری بە گشتی چەوسێنەر بوو. بە فراوانی پۆلیسی نهێنی و هەواڵگرەكانی بەكاردەهێنا بۆ كۆنترۆڵ و سەركوت كردنی بەرهەڵستكاران. سیستەمی كۆیلەداری لە ڕووسیا تا ساڵی ١٨٦٠ هەڵنەوەشایەوە.



بڕیاری حكومەت سەبارەت بە ئازادكردنی كۆیلەكان بەشێك بوو لەو هەوڵانەی كە خرابووە گەڕ بۆ نوێ كردنەوەی كۆمەڵگایەك كە چیتر نەیدەتوانی لە ڕووی سەربازییەوە لەگەڵ هێزە دیارەكانی ئەورووپا بەربەرەكانی بكا. ڕووسیا لە شەڕی كریمە لە ساڵانی ١٨٥٤-١٨٥٥ شكستی خوارد، هەروەها لە شەڕ لەگەڵ ژاپۆنییەكانیش ١٩٠٥ دۆڕاندی. تا ڕادەیەكی زۆر لە كاردانەوەیەك بۆ ئەو شكستانە بەرنامەی سەرمایەگوزاری بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی وەك دروستكردنی ڕێگای نوێ و هێڵی شەمەندەفەر دەستی پێكرد. ئەگەرچی لە ڕووی ئابورییەوە تا ڕادەیەك سەركەوتن بەدەست هات، بەڵام حكومەتی قەیسەری زۆر لەوە نەریتخوازتر بوو كە ڕازی بێ لەسەر زۆر لەو چاكسازییە كۆمەڵایەتییە گشتگیرانەی كە لە زۆر لە وڵاتانی ئەورووپادا ئەنجام دران.

ڕووسیا لە ساڵی ١٩٠٥ كۆمەڵگایەكی بە گێرەوكێشە بوو، پرۆسەی بە پیشەسازیبوونی خێرا چینێكی كرێكاری ڕوو لە گەشەسەندنی بەرهەم هێنابوو، كە بارودۆخی ژیانی هەندێ جار لە بارودۆخی ژیانی زۆربەی جوتیاران ناخۆشتر بوو. كرێكارانی پیشەسازی كە مۆڵەتی كۆبوونەوەیان لە ناو یەكێتییەكان نەبوو و خاوەنی هیچ نفوزێكی سیاسی نەبوون، بە شێوەیەكی گەورە لەگەڵ حكومەتدا لە دژایەتیدا بوون. دوژمنایەتی لەگەڵ قەیسەرەكان بۆ ماوەیەكی زۆر دوورودرێژتر لە نێو هەندێ لە جوتیاراندا هەبوو. لە ماوەی جەنگ لەگەڵ یاباندا ١٩٠٥ یاخیبوونێك لە نێو

کرێکارانی کارگەکان و هێزە چەکدارەکان کە لە شێوەی بەرەو پێشچوونی شەڕەکە بێزاربوون ڕوویدا. ئەم هەڵگەڕانەوەیە تەنها بەهۆی ئیمزاکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ یابان ئارام بۆوە. سەربازە ناڕازییەکان خرانەوە ژێر کۆنترۆڵ و بۆ سەرکوت کردنی یاخبوونەکە گەڕێنرانەوە. قەیسەر نیکۆلای دووەم- چەند چاکسازییەکی ئەنجامدا بۆ نموونە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی نوێنەران، بەڵام هەر کە زانی دووبارە دەسەڵاتی بەهێزبۆتەوە، هەموو ئەو چاکسازییانەی سەرلەنوێ پووچەڵ کردنەوە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩١٧ ناڕەزاییەکی بەرچاو لە نێو کرێکارەکانی پیشەسازی و جوتیاراندا هەبوو کە چەندین مانگرتنی لێکەوتەوە. هەندێ لەو مانگرتنانە لە لایەن بەلشەفیکەکانەوە سەرکردایەتی دەکران کە یەکێك بوون لەو چەند حیزبانەی کە وەفاداری خۆیان بۆ سۆشیالیزم یان مارکسیزم ڕاگەیاند. نفوزی ئەم جۆرە حیزبانە لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤-١٩١٨ زیادبوو، لەم جەنگەدا ڕووسیا دیسان لەگەڵ بارودۆخێکی نەخوازراوی تر بەرەو ڕووبۆوە- بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان کە بەشداربوون لەو جەنگەدا، دەرئەنجامی خراپتری لە جەنگەکانی پێشوو لێکەوتەوە. ڕووسیا پانزە ملیۆن سەربازی هەبوو کە نەیدەتوانی بەباشی ئامادەیان بکات تا بەسەر ئەڵمانییەکاندا سەرکەوێت. چەندین ملیۆن کەس

کوژران و بریندار و بەخسیرکران و لەناو کوژراوانیشدا ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری سوپا هەبوون.

کەمی خواردن و سووتەمەنی ناڕەزاییەکی زۆری لە نێو هاوڵاتیاندا نایەوە، چونکە زۆربەی ئەو سەرچاوانە تایبەت کرابوون بە چالاکییەکانی جەنگ. گروپە دەوڵەمەند و هەژارەکان بە توندی لە دژی حکوومەت وەستان. قەیسەر کە حکوومەتێکی ڕەهای بۆ خۆی دانابوو بەهۆی راوێژکارە سەیر و سەمەرەکەیەوە «ڕاسپۆتین» ئاراستە دەکرا تا دەهات زیاتر و زیاتر لە گروپەکانی تری وڵات جیا دەبۆوە. لە مانگی مارسی ساڵی ١٩١٧ کرێکار و سەربازان لە پترۆگراد زنجیرەیەك مانگرتن و ئاژاوەیان دەستپێکرد کە بە خێرایی لە ڕووسیای ڕۆژئاوا بڵاوبۆوە. قەیسەر ناچار بوو کەنار بگرێت و حکوومەتێکی کاتی دامەزرا.

لە هەمان کاتدا، سوپا تا ڕادەیەك داڕمابوو و زۆربەی سەربازان گەڕابوونەوە گوند و شار و شارۆچکەکانیان. جوتیاران بە زەبر زەوییان لە خاوەندارەکان سەندەوە و حکوومەت نەیدەتوانی چی تر پێش لە نائارامی و توندوتیژی نێو کرێکار و سەربازە ڕوخسەتدراوەکان بگرێت. لێنین، ڕێبەری بەلشەفیکەکان، بڕیاریدا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت و دروشمی خۆی واتا «نان و ئاشتی» «زەوی و ئاشتی» خستەڕوو — دروشمێك کە هەم لە لای کرێکارانی شارو هەمیش لە لای جوتیارانی گوند پەسند بوو.



لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بەلشەفیکەکان حکوومەتی کاتییان بەزۆر لادا. حکوومەتی نوێی ڕووسیا هێزی چەکداری سەرلەنوێ لە ناو سوپای سووردا ڕێکخستەوە و بەسەرکەوتنی لە دەورەیەکی توندی شەڕی ناوخۆ، دەستی بە ئەنجامدانی گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی کرد. بەم شێوەیە بناغەی ئەوەی کە ئێستا بە دووەمین هێزی گەورەی پیشەسازی و سەربازی جیهان دادەنرێت دانرا(Carr, 1970).

شۆڕشی ڕووسیا لە هەندێ لایەنەوە بێ هاوتا بوو. ئەو ڕاپەرینانەی کە لە سەرەتادا رژێمی قەیسەریان لەناوبرد بە بەراورد لەگەڵ ڕاپەرینەکانی تر کە لەو سەدەیەدا ڕوویانداوە، خۆهەڵقوڵاوتر بوو، هەروەها لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا ڕوویدا. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧، تەنانەت بەلشەفیکەکانیش چاوەڕوانیان نەدەکرد کە شۆڕشێکی وا سەرکەوتوو لەو ماوە کورتەیەدا ڕووبدات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی ڕووسیا شتی زۆرمان سەبارەت بە شۆڕشەکانی ئێستا فێر دەکات:

١- زۆربەی شۆڕشەکان لە ناو زەمینەی جەنگێکدا ڕوویانداوە. شەڕ فشارێکی زۆر دەخاتە سەر دامودەزگا پەسندکراوەکان و لە بارێکدا ئەگەر بە نەشیاوی بەڕێوەبرێن دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی لایەنگیریکردنیان. ناڕەزایی هێزە چەکدارەکان ئامرازی سەرەکی رژێمێك بۆ سەرکوت کردنی نەیارانی لێ دەستێنێتەوە.

٢- جوتیاران ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا. تا پێش شۆڕشی ڕووسیا ژمارەیەکی زۆری خەڵك و (لەوانیش لینین) پێیان وابوو کە جوتیاران هێزێکی نەریتخوازی ئەوتۆن کە پابەندییان بە شێوەی ژیانی نەریتی، ڕێگا نادات کە پەیوەندی بکەن بە هەر بزووتنەوەیەك کە هەوڵی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بدات. نادروستبوونی ئەو گریمانەیە نیشان درا. لەڕاستیدا جوتیاران لە زۆربەی شۆڕشەکانی سەدەی بیستدا ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەبووە.

## شۆڕشی چین

چین تا کاتی بڵاوبوونەوەی کەشتییە گەشتیاری و بارییەکانی دروستکراو لە پۆڵا لە سەدەی نۆزدەیەم دوور بوو لە گەیشتنی ڕۆژئاوا پێی. درێژبوونەوەی مێژوویی دەوڵەتی ئیمپراتۆری چین کە تەمەنی لانی کەم ٢٠٠٠ هەزار ساڵ بوو، تا بەر لە دەستپێکی سەدەی ئێستا (مەبەست سەدەی بیستەمە. وەرگێڕ) هەروا نەپچڕاو بوو. لەڕاستیدا ئەگەرچی هەندێ پرۆسەی نوێخوازی لەناو هەندێ کۆڕ و کۆمەڵی دەوڵەتی هاندرابوو، بەشی زۆری کۆمەڵگای چینی تا سەرەتای شۆڕشی ١٩٤٩ هەروا پەیڕەوی لە شێوازە نەریتییەکانی ژیان دەکرد. لە کاتێکدا کە چین لەوە گەورەتر بوو کە لە لەلایەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە داگیر بکرێت، بەڵام چالاکییە ئابوورییە فراوانەکانی وڵاتە ئەوروپییەکان لە سەدەی نۆزدەدا، ئابووری ئەم وڵاتەی لەناوبرد.



تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی ئەو بارودۆخە بازرگانییە نەگونجاوەی کە بەسەر چیندا سەپێندرابوو، حکوومەتی ئیمپراتۆری لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا خۆی زۆر بە هەژاری دیتەوە. حکوومەت کە نەیدەتوانی قەرزی ئەو ئەوروپییانەی کاری شینایییان دەکرد بداتەوە، باجی جوتیارانی زیاد کرد و ئەمەش بووە هۆی پەشێویی و یاخیبوونی زۆربەی جوتیاران. لە زۆر بەشی ئەو وڵاتە فراوانە، بەتایبەتیش لەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵی سیاسیی ناوەندی هەمیشە لاوازبوو، خاوەن کار و چەتەکان هەرچییەکی دەیانویست دەیانکرد. ئەگەرچی چینییەکان بە قووڵی بڕوایان بە باشتربوونی شارستانییەتی خۆیان بەسەر شارستانییەتەکانی تردا هەبوو، هەمیشە لەلایەن دەوڵەتە ئەوروپییەکان و یابانییەکان بە چاوێکی کەم سەیر دەکران. ئەو ناوچانەی کە چین جاران لە ئاسیای ناوەڕاست و باشووری ڕۆژئاوا نفوزی تێدا هەبوو لە دەستی دان و لەبەرەو ڕووبوونەوەی سەربازیش لەگەڵ بەریتانی و فەڕەنسی و یابانییەکان تووشی شکست هات.

لە ساڵی ١٩١١ سەرهەڵدانێکی فراوان، ئیمپراتۆری ناچارکرد کە کەنار بگرێ. ئەگەرچی ڕووداوەکانی ١٩١١ و ١٩١٢ هەندێ جار بە شۆڕش لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانە دەوڵەتێك نەهاتە ئاراوە کە توانای یەکخستنەوەی وڵات و ئەنجامدانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەبێ. کاتێکیش کە کۆماری چین دامەزرا، سەرکردە ناوچەییەکانی سوپاش حکوومەتی خۆیان دروست کردو هەندێ لە ویلایەتەکانیش سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. چەند

ساڵێکیش پاشتر بەکردەوە شەڕێکی ناوخۆیی دوورودرێژ هەڵگیرسا، کە تیایدا کۆمەڵی جوتیاران بە ئەندازەی ئەو کەسانەی کە بەکردەوە لە جەنگ دابوون، زەرەرمەند بوون.

لە پاش ئەو ماوەیە، سەقامگیرییەکی ڕێژەیی هاتە ئاراوە ئەمەش کاتێك بوو کە یەکێك لەسەرکردەکانی سوپا واتا چیانگ کانیشك بەسەر وڵاتدا زاڵ بوو. لە هەر شوێنێك توانی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست بدۆزێتەوە، دۆزینیەوەو بە کۆمەڵ کوشتنی، لە ئەنجامدا، کۆمۆنیستەکان کە جاران لە شارەکاندا جێگیربوون بەرەو ناوچە کشتوکاڵییەکان ڕۆیشتن. ماو تسی تونگ لە لوتکەی پاشماوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بوو. تونگ هەوڵیدا کە بیروڕاکانی مارکس لەگەڵ هەلومەرجی چیندا بگونجێنێت و گرنگییەکی تایبەتیشی بە جوتیاران دا وەك هێزێکی شۆڕشگێڕ. ئەو بزووتنەوەیەی تونگ سەرکردایەتی دەکرد ڕەنگ و بۆنێکی ناسیونالیستی هەبوو کە جەختی لەسەر پاراستنی کۆمەڵگای چینی دەکردەوە لە بەرامبەر نفوزی ڕۆژئاوایی و یابانییەکان.

کۆمۆنیستەکان لە بەرامبەر هێرشی یابانییەکان لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا وەك گروپی سەرەکیی بەرگری و بەکەڵك وەرگرتن لە شێوازەکانی شەڕی پارتیزانی دەستیان بە خەبات کرد. داگیرکردنی چین لەو ماوەیەدا لە لایەن یابانییەکانەوە وڵاتی بۆ باری دابەشکراوی تەواو گەڕاندەوە. پاش جەنگیش، شەڕی نێوان کۆمۆنیستەکان و



پەیڕەوانی چیانگ کانیشك دەستپێکردەوە، و لە ساڵی **١٩٤٩** بەسەرکەوتنی سوپای سوری ماو بە ئەنجام گەیشت. پاشماوەی هێزەکانی چیانگ کانیشك بە یارمەتی کەشتی جەنگی ئەمریکا بۆ فەرمۆزە (تایوانی ئێستا) گوازرانەوە.

کاتێ حکوومەتی نوێ لە ساڵی **١٩٤٩** گەیشتە دەسەڵات بە ئەستەم دەکرا چین وەك یەکەیەکی سیاسی لە قەڵەم بدرێ. ئەگەر کۆمۆنیستەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە بونیاتنانەوەی یەکێتی نەتەوەییدا سەرکەوتوو نەبان، مومکین نەبوو چین ئەو چینە با کە ئێستا هەیە. ئەگەری ئەوەی کە ئەو وڵاتە وەك ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان بۆ چەندین دەوڵەت دابەش بووبایە، (وەك باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە شوێنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی جاران ئێستا چەندین دەوڵەت هەیە (Dunn, 1972, p.74). حکوومەتی کۆمۆنیستی بەرێکخستنەوەی ئاراستە نەتەوەییەکان و نۆژەنکردنەوەی لادێیی فراوان توانی پشتگیرییەکی گەورەی خەڵك بەدەست بێنێت. سێ ساڵ پاش شۆڕش، **٤٥٪**ی زەوییە چاندراوەکان لە کۆنتڕۆڵی خاوەندارە کۆنەکان هاتنە دەرەوەو بەسەر (٣٠٠) ملیۆن جوتیاردا دابەش کران (Carrier 1974, p.140).

## ئەزموونی کوبا

وەك نموونەیەکی جیاواز لە ڕووسیا و چین، خراپ نییە ئەگەر سەیرێکی ئەزموونی کوبا بکەین. بەڵگە نەویستە کە کوبا وڵاتێکی فراوان نییە کە بەهۆی وشکانییەکانەوە سنووردار کرابێ، بەڵکو دورگەیەکی بچووکە بە نزیکەی دانیشتوانێکی هەشت ملیۆن کەسی. بەپێچەوانەی وڵاتە گەشەسەندووەکان زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی کوبای پێش شۆڕش لە ناوچە شارییەکان، و زۆربەیان لە هاڤانای پایتەختی ئەو وڵاتەدا دەژیان. کوبا لە سەرەتادا کۆلۆنیی ئیسپانەکان بوو، بەڵام کۆلۆنیالیستە ئیسپانەکان بە شێوەیەکی دڕندانە لەگەڵ دانیشتوانە سوورپێستەکان ڕەفتاریان دەکرد، دورگەنشینەکان بەکردەوە بەهۆی کۆلۆنیالیستەکان و نەخۆشییە سەرتاپاگیرەکان لەناوچوون. لەبەر ئەوە لە سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە لە ئەفریقاوە کۆیلەیان بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی شەکر و قاوە و توتن دەهێنا.

پاش جەنگ لەگەڵ ئەمریکا لە ساڵی **١٨٩٨** (کە دوای ئەوە ئەمریکییەکان کۆنترۆڵی فیلیپین، پۆرتۆریکو و گوامیشیان کرد) ئیسپانەکان کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر کوبادا لەدەستدا. پاش پاشەکشەی ئیسپانەکان ئەو دورگەیە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە داگیرکراو پەیمانێك لەگەڵ حکوومەتی نوێدا ئیمزا کرا کە مافی فراوانی بە ئەمریکا دا بۆ دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی ئەو



وڵاتە (لە ڕاستیدا چەکدارە دەریاییەکانی ئەمریکا لە چەندین جاردا بۆ کوبا بانگ کراون). دامودەزگا بازرگانییەکانی سەر بە ئەمریکا کۆنترۆڵی ئابووریی دورگەکەیان کرد، ئەمریکییەکان **٧٥**٪ی زەوییە کشتوکاڵییەکان، **٦٣**٪ی پیشەسازی شەکر و هەموو هێڵەکانی ئاسنیان خستە ژێر خاوەنداری خۆیان. زیاتر لە سێ لەسەر چواری هەناردەی کوبا شەکر بوو کە زۆربەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگوازرایەوە (Boorstein, 1967). بەم شێوەیە لەڕووی ئابوورییەوە کوبا بە توندی بە ئەمریکاوە بەسترا بۆوەو ئەمریکا دەیتوانی بە شێوەیەکی دەستکرد نرخی شەکر بە دابەزیوی بهێڵێتەوە. دەوترا ئەگەرچی ئاڵایەکی کوبی لەسەر دورگەکە دەشەکایەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دۆلاری ئەمریکی نیشانەی ڕاستی هێزبوو ( Carrier, 1976, p. 299).

تا دەیەی **١٩٣٠** کوبا مێژوویەکی نائارام و حکوومەتێکی ناجێگیری هەبوو کە بووە هۆی ڕوودانی زنجیرەیەك سەرهەڵدان لە دورگەکەدا. لە ئەنجامدا ئەفسەرانی سوپا بە ڕێبەرایەتی **فولخسیو باتیستا** کۆنترۆڵی وڵاتیان کرد و هەڵبژاردنەکانیان ژێر پێخست. باتیستا ئەو سیاسەتانەی کە لە خزمەتی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی ئەمریکابان پەیڕەو دەکرد و لە هەمان کاتیشدا سامانێکی زۆری بۆ خۆی کۆدەکردەوە، جارێکی تر سیستەمێکی هەڵبژاردن بەرقەرار کرایەوە کە لە ئەنجامیدا لە ساڵی **١٩٤٤** باتیستا دەسەڵاتی لە دەستدا ( لەو کاتەدا باتیستا بۆ ماوەیەك چووە فلۆریدا و لە بەرهەمی سامانەکەی

خۆی کەڵکی وەردەگرت)، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٢ بەهۆی کودتایەکی سادەی سەربازی سەرلەنوێ دەسەڵاتی وەرگرتەوە. باتیستاش سەرلەنوێ بەهۆی دەستەیەك لە شۆڕشگێڕان بەسەرۆکایەتی **ڤیدل کاسترۆ** سەرنگۆن کرا- ئەگەرچی کاسترۆ لەسەرەتادا وەك ڕێبەرێکی سەربازی سەرکەوتوو نەدەهاتە پێشچاو. کاسترۆ لە مەکسیك هێزێکی بچووکی پارتیزانی دروستکرد کە ژمارەی ئەندامانی هەشتا و دوو کەس بوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٦ هاتنە ناو کوبا. هەر زۆر زوو لە لایەن هێزی ئاسمانی باتیستا بینران و کەوتنە بەرهێرشی سوپا. لە ئەنجامدا تەنها بیست و دوو کەس زیندوومانەوە کە دە کەسیان ئەسیرکرابوون. دوانزە کەسەکەی ترو لە نێویشیاندا کاسترۆ توانیان بگەنە چیاکانی سیرا لە ویلایەتی ئۆرینتە. شۆڕشگێڕەکان لەوێدا گروپێکی پارتیزانی نوێیان دروست کردو توانیان ژمارەیەك لە جوتیاران بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. ئەگەرچی باتیستا ١٢٠٠٠ سەربازی بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشگێڕان ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرد، بەڵام سەرنەکەوتن. بزووتنەوە پارتیزانییەکە گەشەی سەندو لە ناوچە شارنشینەکان و لە نێو کرێکارە لادێییەکانیش لایەنگرانێکی بەدەست هێنا. ئامانجەکانی کاسترۆ نیشتمانپەروەری، هەروەها دیمۆکراسی و چاکسازیی خاوەندارییەتی زەوی بوو. ئەو لەو کاتەدا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مارکسیزم دانەبوو، هەروەها حیزبی سۆسیالیستی میللی کە کۆمۆنیستەکان سەرکردایەتیان دەکرد بە



شێوەیەکی جدی پشتگیریان لەو نەدەکرد تا ئەو کاتەی کە ئاشکرابوو بزووتنەوەکە زیاتر لە جاران لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێدەکرێ.

هێزە پارتیزانەکان کە هەرگیز ژمارەیان لە ٢٠٠٠ کەس تێپەری نەدەکرد لە بەرامبەر سوپایەکی ٤٠٠٠٠ کەسی و هێزی ئاسمانی حکوومەت بەرگرییان دەکردو لە ئەنجامیشدا شۆڕش سەرکەوت. دارمانی پشتگیری لە باتیستا لەناو خەڵك بەگشتی و هەڵاتن و هەڵگەڕانەوە لە ناو خودی هێزە چەکدارەکان، ئەو دەرفەتەی بە کاسترۆ دا کە بەبێ تەقاندنی فیشەکێك بچێتە ناو هاڤاناوە. باتیستا لە ساڵی ١٩٥٩ دورگەی بەجێهێشتوو سوپاش تەسلیمی پارتیزانان بوو. نزیکی کوبا لە ئەمریکا و مێژووی دەستێوەردانی ئەمریکا لە کوبا، حکوومەتی شۆڕشگێڕی نوێی لە بەرامبەر هێرشی ئەمریکادا زۆر دەخستە بەر هەڕەشەی زیان پێگەیاندنەوە. وابەستەیی دەوڵەت بە هەناردەی شەکر بۆ ئەمریکا بەربەستێکی تری بەردەم کۆنترۆڵی دورگەکە بوو لە لایەن حکوومەتەوە. کاسترۆ ئەو کێشەیەی لە ڕێگای پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت کە زۆر حەزی لە ئامادەبوونی سیاسی و ڕەنگە سەربازیش دەکرد لە نزیك ئەمریکا چارەسەرکرد. ڕێکەوتنێك بەدەست هات کە کوبا لە بەرامبەر نەوتی یەکێتی سۆڤیەت، شەکری پێ بفرۆشێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١ حکوومەتی ئەمریکا داواکارییەکانی خۆی سەبارەت بە پاشماوەی هاوردەی شەکر لە کۆباوە بە ئەو ساڵە بەتاڵ کردەوە. کوبیەکانیش لە بەرامبەر ئەوەدا هەموو کێڵگەکانی شەکری سەر بە ئەمریکییەکانیان لەگەڵ هەندێ

پیشەسازی تر و خزمەتگوزارییەکانی هێڵی ئاسنی خۆماڵی کرد. لەڕاستیدا کوبا فۆرمێکی وابەستەیی بە فۆرمێکی تر گۆڕییەوە. بازرگانی و سەرەوژێر بوونەوەی یارمەتییەکانی یەکێتی سۆڤیەت بە ئەندازەی گرنگی هەناردەی شەکر بۆ ئەمریکا بۆ کوبا زەروری بوو. بەمجۆرەش ململانێی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لەسەر چارەنووسی دورگەکە ئەو هەلەی بە کاسترۆ دا تا حکوومەتێکی بەهێزو کاریگەر دابمەزرێنێ.

بەسەیرکردنی سەرچاوەکان و ناوەڕۆکی شۆڕشی کوبا دەبینین کە لە گشتاندنی هۆکارەکانی شۆڕش بەپێی نموونەی ڕووسیا و چین دەبێ خۆمان بپارێزین. شۆڕشی کوبا لە ناو زەمینەیەکی شەڕی سەرتاپاگیر وەك لە دوو بارەکەی تردا هەبوو ڕووی نەدا. ئەو بیرۆکانەی کە لە سەرەتادا بزووتنەوەی پارتیزانی بە سەرۆکایەتی کاسترۆی هەڵقولاند لە بنەڕەتدا لە مارکسیزمەوە سەرچاوەیان نەگرتبوو لەگەڵ ئەوەشدا، نموونەی کوبا وامان لێدەکات کە هەندێ لەو هۆکارانە بزانین کە تایبەتن بە زۆربەی شۆڕشەکان و بەتایبەتیش شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم. ئەو هۆکارانە بریتین لە نفوزی ئیمپریالیزم، ڕۆڵی ڕۆشنبیران وەك ڕێبەرانی شۆڕش، ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە جوتیاران دەیگێڕن و ئەو ڕاستییەی کە ڕژێمی پێشوو کۆنترۆڵی کاریگەری لانی کەم بەشی زۆری سوپا لەدەست دەدا.



# تیۆرەکانی شۆڕش

لەو ڕاستیەوە کە شۆڕشەکان لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوو لە مێژووی جیهان گرنگ نەبوون، بۆیە سەیر نییە کە تیۆری جۆراجۆر بە مەبەستی ڕوونکردنەوەیان ببینرێن. هەندێ لەو تیۆرانە لەسەرەتای ژیانی زانستە کۆمەلاّیەتییەکان دانراون، گرنگترین ئاراستە لەم بوارەدا ئاراستەی مارکسییە. **مارکس** ماوەیەکی زۆر پێش ئەو شۆڕشانە ژیاوە کە بە ناوی تێڕوانینەکانی ئەو ڕوویانداوە، بەلاّم ئەو پێی وابوو کە تیۆرەکانی ئەو نابێ تەنها بە مەبەستی شیکردنەوەی مەرجەکانی گۆڕانی شۆڕشگێری بەکاربێن، بەڵکو پێویستە وەك ئامرازێکیش بۆ بەرەو پێش بردنی ئەو گۆڕانکارییانە کەڵکیان لێ وەربگیرێ. تێڕوانینەکانی مارکس بەچاوپۆشین لە بەهای ڕاستیان، کاریگەری لەڕادەبەدەریان بەسەر گۆڕانەکانی سەدەی بیستدا هەبوو.

تیۆرە گرنگەکانی تر پاش ماوەیەکی زۆر دەرکەوتن و بیرمەندان هەوڵیاندا کە هەم شۆڕشە سەرەتاییەکان (وەك شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا) و هەم شۆڕشەکانی دواتریش ڕوون بکەنەوە. هەندێك هەوڵیان داوە چوارچێوەی شیکردنەوە فراوان بکەن و چالاکی شۆڕشگێرانە لە پەیوەندی لەگەڵ شێوەکانی تری یاخیبوون و نارەزایی ڕوون بکەنەوە، ئێمە هەوڵی تاوتوێ کردنی چوارچێوەی تیۆری تۆژینەوەی شۆڕش دەدەین: گۆشەنیگای مارکسی، تیۆری

توندوتیژی سیاسی لە لایەن **چالمرز جۆنسۆن**، ڕوونکردنەوەی شۆڕش و چاوەڕوانییەکانی بالندەی ئابووری کە لە لایەن **جیمز دیڤیس** خراوەتەڕوو، و ڕوونکردنەوەی نارەزایی بە کۆمەڵ کە کۆمەڵناسی مێژوویی **چارلز تیلی** خستویەتەڕوو.

## تیۆری مارکس

گۆشەنیگای مارکس پشت بە ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە مێژووی مرۆڤایەتی دەبەستێت. لە دیدی ئەودا کاتێك دژیەکییە چینایەتییەکان لە قۆناغێکی مێژووییدا دەگەنە لوتکەی خۆیان، پرۆسەیەکی گۆڕانی شۆڕشگێری ڕوودەدات هەر ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان. خەباتی چینایەتی لە دژیەکییەکانی (واتا ئەو کێشانەی چارەسەر ناکرێن) ناو کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت. سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەو دژیەکییە لەناو گۆڕانە ئابوورییەکاندان، واتا گۆڕان لە هێزەکانی بەرهەمهێنان. لە هەر کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەك سەقامگیر، هاوسەنگییەك لە نێوان بونیادی ئابووری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی سیاسیدا هەیە. هەر کە هێزەکانی بەرهەمهێنان دەگۆڕێن، دژیەکییەکان توندتر دەبن، کە پێکدادانی ئاشکرای چینەکان و سەرئەنجام شۆڕشی لێدەکەوێتەوە.



مارکس ئەم مۆدێلەی لە هەمان کاتدا بۆ پەرەسەندنی ڕابردووی فیودالیزم و پەرەسەندنی ئایندەی سەرمایەداریی پیشەسازی بەکاردەهێنا. کۆمەڵگا نەریتییە فیودالەکان لە ئەوروپا پشتیان بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی دەبەست. بەرهەمهێنەرەکانیش کۆمەڵێك کۆیلە یا جوتیار بوون کە چینێك لە ئەرستۆکرات و خاوەن زەوییەکان فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکردن. گۆڕانکارییە ئابوورییەکان لەو کۆمەڵگایانە شاری بچووك و گەورەیان دروستکرد کە تیایاندا بازرگانی و پیشەسازی پەرەیسەند. ئەو سیستەمە ئابوورییە نوێیە، کە لە ناخی کۆمەڵگا فیودالەکان سەری هەڵدا، ناوەڕۆکی ئەو کۆمەڵگایانەی خستە مەترسییەوە، سیستەمی ئابووری تازە پەیدابوو، لەبری پشت بەستن بە پەیوەندی نەریتی نێوان خاوەنکار- جوتیار، هانی خاوەن پیشەسازییەکانی دەدا تا هەوڵی بەرهەمهێنانی کەلوپەل بدەن بۆ فرۆشتن لە بازاڕدا، دژایەتی نێوان ئابووری فیودالی کۆن و ئابووری سەرمایەداریی نوێ زۆر توند بوو، و بەشێوەی دژیەکی توندوتیژی نێوان چینی سەرمایەداریی تازە بە خۆداهاتوو خاوەن زەوییە فیودالەکانی لێهات. شۆڕش بەرهەمی ئەو پرۆسەیە بوو، کە شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنسا گرنگترین نموونەیەتی. مارکس دەڵێ: لە کۆمەڵگاکانی تری ئەوروپایی لە ڕێگای شۆڕش و گۆڕانکارییە شۆڕشگێرییەکانەوە چینی سەرمایەدار توانی دەسەلات بگرێتە دەست.

بەلاّم بە بۆچوونی مارکس دەرکەوتنی سەرمایەداری دژیەکی تری نایەوە کە لە کۆتاییدا زنجیرەیەك شۆڕشی تری پشتبەستوو بە ئامانجەکانی سۆشیالیزم یان کۆمۆنیزمی لێکەوتەوە. سەرمایەداریی پیشەسازی سیستەمێکی ئابوورییە کە دەوەستێتە سەر بەدەستهێنانی سوودی تایبەتی و ململانێی نێوان کۆمپانیاکان لە پێناو فرۆشتنی بەرهەمەکانیاندا. ئەم سیستەمە کەلێنێکی گەورەی لە نێوان کەمینەیەکی دەوڵەمەند، کە کۆنترۆڵی سەرچاوە پیشەسازییەکانی کردووە لەگەڵ زۆرینەیەکی هەژاری کرێوەرگر دروست دەکات. دژیەکی کرێکار و سەرمایەداران زیاتر و زیاتر دەبێ. سەرەئەنجام بزووتنەوە کرێکارییەکان و حیزبە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتی چینی کرێکاران دەکەن، حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بانگ دەکەن و سیستەمی سیاسی باو دەڕوخێنن. مارکس پێی وابوو لە هەندێ باردا بەتایبەتیش ئەگەر چینی بالادەست شوێنگەیەکی بەهێزی هەبێ، توندوتیژی بۆ بڕینی ئەو قۆناغەی وەرچەرخان پێویستە. لە هەندێ باری تردا، ئەم پرۆسەیە ڕەنگە بە شێوەیەکی ئاشتییانە وەك لە ڕێگای پەرلمانییەوە سەربگرێت — لەم بارەدا شۆڕش (بەو مانایەی لە سەرەوەدا پێناسە کرا) — پێویست نییە.

مارکس چاوەڕوان بوو لە سەردەمی ژیانی ئەودا لە هەندێ ولاّتی ڕۆژئاوا شۆڕش ڕووبدا. بەلاّم لە کۆتایی ژیانیدا بۆی دەرکەوت کە ئەمە ڕوونادا، بۆیە ڕووی بۆ شوێنێکی تر سوڕاند. جێی سەرنجە



کە ئەو گرنگییەکی زۆری بە ڕووسیا دا. ئەو پێی وابوو کە ڕووسیا لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتووە، کە تیایدا شێوازەکانی بازرگانی و پیشەسازی ئەوروپای ڕۆژئاوا کەلّکی لێوەرگیراوە. ئەو وای دەدیت کە ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی دەرکەوتنی دژیەکی زۆر توندتر لەوەی کە لە ناو خودی ولاّتانی ڕۆژئاوادا هەیە، چونکە هێنانی شێوازی نوێی بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆجیا بۆ کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دەبێتە هۆی تەقینەوەی پەیوەندی نێوان کۆن و نوێ. لە نووسین لەگەڵ ڕادیکاڵەکانی ڕووسیا، مارکس بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەم بارودۆخە ڕەنگە لە ولاّتی ئەواندا شۆڕشی لێبکەوێتەوە، بەلاّم ئەم شۆڕشە تەنها لە کاتێکدا سەرکەوتوو دەبێ کە ئەگەر پەل بۆ ولاّتانی تری ڕۆژئاوا بهاوێژێت. لەم بارودۆخەدا حکوومەتی پاش شۆڕشی ڕووسیا دەتوانێ لە هەلومەرجی ئابووری پێشکەوتووی ئەوروپا کەلّك وەرگرێت و پرۆسەی خێرای نوێگەری بەرەو پێش ببات.

## هەڵسەنگاندن

بەپێچەوانەوەی پێشبینییەکانی مارکس، شۆڕش لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییە پیشەسازییەکاندا ڕوویندەدا. لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا (ویلایەتە یەکگرتووەکان ئیستسنایەکی جێی سەرنجە) حیزبە سیاسییەکان کە خۆیان بە سۆسیالیست یان کۆمۆنیست دادەنا و زۆر بانگەشەی پەیڕەوی کردن لە تێڕوانینەکانی «مارکس»یان دەکرد لەکاتی گەیشتنیان بە دەسەڵات لە جیاتی ئەوەی ڕادیکاڵتر بن، پارێزگارتربوون. بەڵگەنەویستە کە مومکینە مارکس لە ڕووی پێوەری زەمەنییەوە هەڵەی کردبێ و، ئەو شۆڕشانەی کە پێشبینی دەکردن ڕەنگە ڕۆژێك لە ئەوروپا و ئەمریکا و شوێنەکانی تر ڕووبدەن، بەڵام ڕاسترە کەوای دابنێین مارکس هەڵەی کردبوو. گەشەسەندنی سەرمایەداریی پیشەسازی وەك مارکس دەیدیت نەبووە هۆی تێکهەڵچوونی توندوتیژی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران.

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بڵێین کە تیۆری مارکس لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا بێ پەیوەندییە. لە یەك لایەنی گرنگەوە ئەو تیۆرە ناتوانێ لەگەڵ هەلومەرجی هاوچەرخدا بێ پەیوەندی بێ، چونکە بەشێك لە ئامانج و بەهاکانی جێی پەسندی بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکان و تەنانەت حکوومەتە ڕەسمییەکانیشە. سەرەڕای ئەوە، دەکرێ لە تێڕوانینەکانی مارکس بۆ تێگەیشتنی شۆڕشەکانی



سەدەی بیست کەڵك وەربگیرێ. ئەو تیۆرەی کە ئەو سەبارەت بە ڕووسیا خستیەڕوو لەگەڵ ڕووداوەکانی زۆر لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان کە کاریگەری فراوانبوونی سەرمایەداریی پیشەسازییان لەسەرە پەیوەندارە، توندوتیژی لە خاڵەکانی بەریەککەوتنی پیشەسازیی نوێ لەگەڵ سیستەمە تەقلیدییەکان دەست پێ دەکا. کاتێ کە شێوازەکانی کۆنی ژیان لە ناودەچن، ئەو کەسانەی پێیانەوە کاریگەرن وەك سەرچاوەیەکی بەهێز دژی حکوومەتەکان ڕادەوەستن و هەوڵی پاراستنی سیستەمە کۆنەکە دەدەن.

## چاڵمرز جۆنسۆن: شۆڕش وەك ناهاوسەنگی

لە سەردەمی مارکسدا تەنها چەند شۆڕشێك ڕوویاندا بوو کە دەکرا ببنە بنەمایەك بۆ شیکردنەوەکانی ئەو، بەڵام بۆ کەسانێك کە دەیانهەوێ لە شۆڕش تێبگەن چوارچێوەی زۆر فراوانتری نموونەی مێژووییمان لەبەر دەستە کە دەکرێ کەڵکیان لێ وەربگیرێ. هەروەها دەتوانن توێژینەوە لەسەر کاریگەری تێڕوانینەکانی مارکس لە خێراکردنی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بکەن.

کارەکەی **چاڵمرز جۆنسۆن** پشت بەو چەمکانە دەبەستێ کە لە **تالکوت پارسونز** وەرگیراون (Johnson 1964. 1966). لە دیدی **پارسونز** کۆمەڵگاکان سیستەمی خۆڕێکخەرن. سیستەمی خۆڕێکخەر سیستەمێکە کە بە گۆڕینی دامودەزگاکانی لەگەڵ

گۆڕانەکاندا دەگونجێت، ئەمەش لەپێناو دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوانیاندا، بەم شێوەیە سیستەمەکە لەباری چالاکیدا دەمێنێتەوە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر دەکرێ ئەم چەمکە لەگەڵ فیزیۆلۆژیای لەش بەراورد بکەین. کاتێ کە دەزگای لەش بە ڕێکوپێکی ئیش بکا، دەتوانێ بە شێوەیەکی سەرکەوتوو وەڵامی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر بداتەوە، بۆ نموونە کاتێك پلەی گەرمی دەوروبەر بەرز دەبێتەوە لەش بەهۆی میکانیزمی دیاریکراوەوە وەك خستنەگەڕی رژێنەکانی ئارەق پلەی گەرمی خۆی دەپارێزێت.

بەڵام، هەلومەرجەکە ڕەنگە ئەوەندە لەناکاو بگۆڕێت کە تەواوی سیستەمەکە تووشی شڵەژان بێت. بۆ نموونە ئەگەر پلەی گەرمی دەرەوە ئەوەندە بەرزبێتەوە کە میکانیزمەکانی لەش نەتوانن بەرەوڕووی ببنەوە خەلەلێکی گەورە لە سیستەمی فیزیۆلۆژێکی لەش دروست دەکا. لەو کاتەدا سیستەمی لەش لەباری ناهاوسەنگیدا دەبێت.

لەتیۆری **جۆنسۆندا**، ناهاوسەنگی مەرجی ڕوودانی شۆڕشە لە کۆمەڵگاکاندا. لە دیدی ئەودا، سەرچاوەی سەرەکی ناهاوسەنگی، ناتەبایی نێوان بەها کەلتوورییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا و سیستەمی بەرهەمهێنانی ئابوورییە. ئەو ناتەباییە ڕەنگە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان، یانیش گۆڕانکارییە گەورە دەرەکییەکان ڕووبدات، بەڵام بە شێوەیەکی سروشتی هەردوو هۆکارەکە پێکەوە کاریگەرییان هەیە. بۆ نموونە لە چینی سەدەی



نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا بەها تەقلیدییەکانی کولتووری چینی کەوتنەبەر فشاری بەرهەمهاتوو لە گۆڕانی سیستەمی ئابووری کە لە ئەنجامی مامەڵە و بازرگانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا دروست بووبوون. سیستەمی کۆنی بەرهەمهێنان کە لە خاوەن کارە زەویدارەکان و جوتیارانی بەستراو بەزەوییەوە پێك هاتبوو دەستی بەداڕووخان کردو ناهاوسەنگی پەیدابوو.

بەڕای **جۆنسۆن**، کاتێك کە ئەم ناهاوسەنگییە ڕوودەدات زۆر لە خەڵك تووشی سەرلێ شێوان دەبن و ئامادە دەبن پاڵپشتی ڕێبەرانێك بکەن کە بەڵێنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەدەن و لەم قۆناغەدا شۆڕش ڕوودەدات، ئەگەر کاربەدەستە سیاسییەکان کاردانەوەیەك نیشان بدەن و ئەو سیاسەتانە بگرنەبەر کە هاوسەنگی بۆ کۆمەڵگا بگێڕێتەوە دەکرێ لە ڕووخان دووربن. بەڵام ڕەنگە دەستبژێری فەرمانڕەوا سەرسەخت بێ و هەموو هێز و تواناکانی و هەرچەند هێزی چەکداری هەیەتی بیخاتەگەڕ بۆ سەرکوتکردنی سەرچاوەکانی نارەزایی، ئەگەر سەرکەوتوبوو، ڕەنگە ڕژێمێکی سەرکوتکەر یا دەوڵەتێکی پۆلیسی بێتەکایەوە. هێزی سەربازی بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە بۆ سەرکوتکردنی نارازییەکان بەکاردێت لە پێناو بەربەست کردنی ئەو گۆڕانانەی لە کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن.

بەلاَم، ناكرێ بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ بە زەبروزەنگ حوكمی كۆمەڵگا بكرێت. ئەگەر رژێم نەتوانێ زۆربەی دانیشتوان ڕازی بكات بەوەی كە نەریت و تێڕوانینەكانی خۆیان سەرلەنوێ بگۆڕنەوە، ناتوانێ بەردەوام بێت. كاتێ كە كۆمەڵگا بە ڕوونی تووشی شڵەژان بووبێ، هێزە چەكدارەكانیش وەفاداری خۆیان بۆ فەرمانڕەوایان لە دەست دەدەن. چەند هۆكارێك دەتوانن ئەم پرۆسەیە خێرا بكەن، كە گرنگترینیان شكستخواردنە لە جەنگدا (هەروەك لە ڕووسیای پێش شۆڕشی ١٩١٧ ڕوویدا) كە بووە هۆی نزمبوونەوەی ورەی سەربازان و ناخ لەرزینیان. لەم قۆناغەدا كۆمەڵگا تووشی بێ سەروبەریی و شەڕی ناوخۆ دەبێتەوە، یانیش شۆڕش ڕوودەدات. ڕژێمێكی نوێ دەگاتە دەسەلاَت و كۆمەڵێك چاكسازی ئەنجام دەدات كە كۆمەڵگا (بە فۆرمێكی نوێ) بۆ باری هاوسەنگی دەگەڕێنێتەوە.



## هەڵسەنگاندن

تیۆری **جۆنسۆن** ڕوون و گشتگیرە. ئەوەی كە ئەو ناوی لێ دەنێ ناهاوسەنگی وەك چەمكی (دژیەك)ی ماركسە، ئەمە لە كاتێكدایە كە دیار نییە چەمكی **جۆنسۆن** باشتر بێ لە چەمكی **ماركس**. ئەو بیرۆكەیەی كە پێی وایە گۆڕانی كۆمەلاَیەتی كۆمەڵە خەلەلێك دروست دەكا كە دامەزراوە كۆمەلاَیەتییەكان بەبێ گۆڕانی بنەڕەتی بونیادی ناتوانن ئەو خەلەلانە نەهێڵن زۆر شیاو دێتە بەرچاو.

یەك لە كەموكوڕییەكانی گۆشەنیگای **جۆنسۆن** ئەوەیە كە پێی وایە كۆمەڵگاكان بە شێوەیەكی سروشتی لە باری هاوسەنگی دان. بێگومان وا نییە، زۆربەی كۆمەڵگاكان لە جیهانی ئەمڕۆدا، سەرچاوەی زۆری تەنگژە و پەشێویان لە ناوخۆیاندا هەڵگرتووە، بەبێ ئەوەی ئامادەی شۆڕش بن. سەرەڕای ئەوە **جۆنسۆن** گرنگییەكی زۆر بە ناوەڕۆكی واقیعی تێڕوانینەكانی شۆڕشگێڕان نادات. تاكەكان تەنها لەبەر ئەوەی ڕژێمێك تووشی فشار هاتووە نابنە شۆڕشگێڕ. بۆ تێگەیشتن لە شۆڕشەكانی ئەمڕۆ پێویستە لە كاریگەریی بانگەشەكردن بۆ ئازادی و دیموكراسی و یەكسانی و ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕن لە دروستكردنی پاڵنەری هێنانەكایەی شێوەی نوێی سیستەمی كۆمەلاَیەتی بكۆڵینەوە. لە كۆتاییدا، تیۆری **جۆنسۆن** ناتوانێ ئەوەمان پێ بڵێ كە بۆچی شۆڕش لە سەردەمی مۆدێرندا باوبووە، بەلاَم پێش ئەوە شتێكی نەناسراو بووە.

## جێمز دێڤیس: بۆچی شۆڕش ڕوودەدات؟

**جێمز دێڤیس** یەکێك لە هۆکارەکانی شۆڕش لەم سەردەمەی دواییدا ڕوون دەکاتەوە. **دێڤیس** وەبیر دێنێتەوە کە ئێمە سەردەمانێکی زۆرمان لە مێژوودا هەیە کە خەڵکی لە هەژارییەکی زۆردان لەژێر توندترین ستەمدا ژیاون، بەڵام نارەزاییان دەرنەبڕیوە. هەژاریی هەمیشەیی یا بێبەشی خەڵك ناکاتە شۆڕشگێڕ. بەڵکو ئەوان بەزۆری ئەو بارودۆخانە بە تەسلیم بوون یان ڕازیبوون و بێ ئومێدی و بێ دەنگی تەحەمول دەکەن. ئەگەری ڕوودانی شۆڕش ئەو کاتە زیاترە کە بارودۆخی ژیانی خەڵك باشتر دەبێ. هەر کە ئاستی ژیانی خەڵك بەرەو بەرزی دەڕوات، ئاستی چاوەڕوانییەکانیشیان بەرز دەبێتەوە. ئەگەر ڕەوتی باش بوونی رەوشەکە هێواش بێتەوە، مەیل بۆ شۆڕش پەیدا دەبێت، چونکە چاوەڕوانییە زۆرەکانی خەڵك تووشی ناکامی دەبێت. بەم شێوەیە نارەزایی کۆمەڵایەتی و لە کۆتاییشدا شۆڕش کاتێك ڕوودەدات کە رەوشی ژیانی خەڵك تا ئەندازەیەك باشتر بووبێت. بێ بەشی ڕەها نابێتە هۆی شۆڕش بەڵکو بێبەشی ڕێژەییە سەربەخۆییە کە دەبێتە هۆی نارەزایی. ئەوەی گرنگە ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان ئەو بارودۆخەدایە کە بەسەر خەڵك داسەپێنراوەو ئەوەی کە خۆیان بیری لێ دەکەنەوە.



## هەڵسەنگاندن

ئەم تیۆرە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان شۆڕش و گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ سوودمەندە. کاریگەریی ئامانجەکانی پێشکەوتن، لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی گەشەی ئابووری، بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکان کە ئەگەر لەگەڵ ناکامییدا بەرەوڕوبێتەوە ئاگری ڕاپەرین و نارەزایی بڵێسەدار دەکا. ئەم جۆرە نارەزاییە هێزێکی زیاتر وەردەگرێت لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئایدیاکانی یەکسانی و بەشداریی سیاسی دیمۆکراتی (Davics 1962: Brinton 1965).

بەڵام هەروەك **چارلزتیلی** وەبیر دێنێتەوە تیۆری **دێڤیس** ئەوە نیشان نادات کە چۆن گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هاوکاری یەکتر دەکەن. بەزۆری دەشێ کە بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکان زەمینەی دەرکەوتنی نارەزایی فەراهەم بکا، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن نارەزایی دەگۆڕێت بۆ کردەی شۆڕشگێڕی پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە چۆن گروپەکان بە مەبەستی کاریگەریی سیاسیی زیاتر خۆیان بە کۆمەڵ ساز دەدەن.

## چارلز تیلی: تیۆری ناڕەزایی

**چارلز تیلی** لە کتێبەکەیدا لە مۆبالیزەوە بۆ شۆڕش From Mobilization to Revolution سەرنجی خۆی لەسەر ئەم بابەتە چڕ دەکاتەوە و هەوڵ دەدات کە پرۆسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەناو زەمینەیەکی تەفسیری لە شێوەکانی تری ناڕەزایی و توندوتیژی شیبکاتەوە (Tilly, 1978). ئەو چوار بەشی سەرەکی کاری بە کۆمەڵ — کارێك کە بە مەبەستی ناڕەزایی لە دژی سیستەمی باو - یان هەوڵێك بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە دەدرێت — دیاری دەکات:

۱- ڕێکخستنی گروپ یان ئەو گروپانەی کە لە پرۆسەکە گلاون. بزووتنەوەکانی ناڕەزایی تا ئەندازەیەکی زۆر ڕێکخراون و شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرن هەر لە فۆرم وەرگرتنی خۆبەخۆی ئاپۆرەکان تا دەگاتە گروپە شۆڕشگێڕییە زۆر ڕێکخراوەکان. بۆ نموونە، ئەو بزووتنەوەیەی **کاسترۆ** ڕێبەرایەتی دەکرد بە دەستەیەکی بچووکی پارتیزان دەستیپێکرد.

۲- خۆسازدان کە هەموو ئەو شێوازانە دەگرێتەوە کە بەهۆیانەوە گروپێك کۆنترۆڵی ئەو سەرچاوانە دەکات کە بۆ سەرخستنی کاری بە کۆمەڵ پێویستن. ئەم سەرچاوانە ڕەنگە کەلوپەلی ماددی، پشتگیری سیاسی یانیش چەك و کەلوپەلی سەربازی بێت. **کاسترۆ** توانی پشتیوانی ماددی و مەعنەوی جوتیاران و بەشێکی زۆری خەڵکی شارەکان بەدەست بینێ.

۳- بەرژەوەندی هاوبەشی ئەو کەسانەی کە لە کاری بە کۆمەڵدا بەشداری دەکەن، واتە ئەو سوودو زیانانەی کە چاوەڕوان دەکرێ



لە ڕێگای سیاسەت و تەکتیکەکانیان بەدەست بێت. هەمیشە هەندێ بەرژەوەندی هاوبەش بنەمای خۆسازدان بۆ کاری بە کۆمەڵ پێك دێنن. **کاسترۆ** توانی هاوپەیمانیەتێکی فراوان دروست بکات، چونکە خەڵکێکی زۆر بەرژەوەندیان لە لادانی حکوومەتی باو هەبوو یان وابیر دەکرایەوە کە ئەو بەرژەوەندیەیان هەیە.

٤- دەرفەت، هەندێ جار ڕووداوی لەناکاوی ئەوتۆ ڕوودەدەن کە دەرفەتگەلێك بۆ چوون بە دوای ئامانجە شۆڕشگێڕییەکاندا دەڕەخسێنن. زۆر شێوەی کاری بە کۆمەڵ و، لە ناویشیاندا شۆڕشەکان زۆر بە توندی دەکەونە ژێرکاریگەری ئەم ڕووداوانە. سەرکەوتنی **کاسترۆ** بە کۆمەڵێك هۆکاری لەناکاو بەسترابوو کە نەدەکرا خۆیان لێ بەدوور بگیرێ. بۆ نموونە لە قۆناغەکانی سەرەتادا، هێرشی **کاسترۆ** بەتەواوی تێك و پێك دەشکا ئەگەر **کاسترۆ** یەکێك بوایە لەو حەفتا کەسەی کە گیران یا کوژران. ئایا لەو کاتەدا شۆڕشێك ڕوویدەدا؟

کاری بە کۆمەڵ دەشێ بەکاری کەسانێك بوترێ کە پێکەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە هاوبەشەکانیان چالاکی دەنوێنن. بۆ نموونە گردبوونەوەی خۆپێشاندەران لەسەر شەقام لە پێناو پشتگیری ئامانجەکانیان. ڕەنگە لە نێو ئەو کەسانەدا کە لەم چالاکییەدا بەشداری دەکەن ئاستی جۆراوجۆرو جیاوازی چالاکی سیاسی هەبێ، هەندێ زۆر بەتوندی لە خەباتدان و هەندێکی تریش پشتگیرییەکی سۆزاوی تریان ڕێکتر دەکەن. کاری بە کۆمەڵی کاریگەر ئەوەی کە

دەبێتە هۆی سۆزاویتر یان ناڕێکتر بە شێوەیەکی سروشتی[1] لە ڕێکخراوێکەوە دەست پێ دەکات و بە[2] خۆسازداندا تێپەر دەبێت و پاش[3] تێگەیشتن لەبەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە کۆتاییدا [4] بەرەخسانی دەرفەتی دیاریکراو کاریگەری خۆی دەنوێنێ ( Tilly, 1978, p.p 7-10).

بە ڕای **تیلی** بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی سازدانی سەرچاوە گرووپییەکانەوە کاتێ دروست دەبن کە خەڵکی هیچ جۆرە هۆکارێکی ڕێکخراویان بۆ خستنەڕووی داواکارییەکانیان نەبێ یانیش پێویستیەکانیان ڕاستەوخۆ بەهۆی کاربەدەستانی دەوڵەتەوە سەرکوت دەکرێن. ڕادەی توانایی گروپەکان لە بەشداری چالاك و کاریگەردا لە ناو سیستەمی سیاسی باودا گرنگییەکی زۆری هەیە لەوەی کە ئەندامانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن یا نا، کاری بە کۆمەڵ لە هەندێ قۆناغدا هەڵگری بەرەو ڕووبوونەوەی ئاشکرایە — ڕژانە سەر شەقامەکان- لەگەڵ سەرانی سیاسی فەرمانڕەوادا، بەڵام ئەم چالاکیانە تەنها کاتێك کاریگەری لەسەر مۆدێلەکانی باوی دەسەڵات جێ دێڵن کە ئەگەر لە لایەن گروپە ڕێکخراوەکانەوە پشتیوانی بکرێن.

شێوازە چۆنایەتییەکانی نارەزایی و کاری بە کۆمەڵ بەپێی هەلومەرجی مێژوویی و کولتووری دەگۆڕێن. بۆ نموونە لە بەریتانیای ئەمڕۆدا، زۆربەی خەڵکی دەزانن کە چۆن گروپەکان کۆدەبنەوە بۆ دەرخستنی داواکانیان، هەروەها ئاشنایيان لەگەڵ شێوە جۆراوجۆرەکانی خۆپێشاندانی سەر شەقامەکان وەك ڕێپێوانی بە



کۆمەڵ، کۆبوونەوەی گەورە و ئاژاوەی سەر شەقامەکان هەیە جا ئەگەر لەم جۆرە چالاکیانەدا بەشدارییان کردبێ یان نا. بەڵام جۆری تری نارەزایی بە کۆمەڵ هەیە کە لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا زۆر باو نییە، یانیش بە تەواوی لە ناوچوون (وەك کێشەی نێوان گوندەکان و شکاندن و وردکردنی کەلوپەلی کشتوکاڵی یان ئازاردانی قوربانی لە کاتی لە سێدارەدانی). ئەو کەسانەی کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن دەتوانن سوود لە ئەزموونی شوێنەکانی تر وەرگرن و شێوەی کاری خۆیان بگۆڕن. بۆ نموونە بزووتنەوە پارتیزانەکان لە جیهاندا کاتێ بڵاوبوونەوە کە گروپە نارازییەکان لەوە تێگەیشتن کە کاری پارتیزانی شێوازێکی سەرکەوتووە بۆ شەڕکردن لەگەڵ سوپا ڕێکخراوەکاندا.

چ کاتێك و بۆچی کاری بە کۆمەڵ توندوتیژ دەبێت؟ **تیلی** پاش توێژینەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو ڕووداوانەی کە لە ساڵی ١٨٠٠ لە ئەورووپای ڕۆژئاوا ڕوویاندا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەزۆری توندوتیژی بە کۆمەڵ لە کارێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە سەرەتادا توندوتیژ نییە. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئایا توندوتیژی ڕوودەدات یا نا ئەوا پەیوەندی بە ناوەڕۆکی چالاکییەکەوە نییە بەڵکو بەهێزەکانی ترەوە — بەتایبەتیش چۆنیەتی کاردانەوەی کاربەدەستان- بەستراوەتەوە، خۆپێشاندانی سەر شەقامەکان نموونەیەکی باشە. زۆربەی ئەم خۆپێشاندانانە بێ زیان گەیاندن بە خەڵکی یان سامانی خەڵك ئەنجام دەدرێن. ژمارەیەکی کەمیان دەبنە هۆی توندوتیژی، کە لەوکاتەدا پێیان دەڵێن ئاژاوەکان. زۆرجار دەسەڵاتدارانی سیاسی کاتێ تەدەخول

دەکەن کە پێشتر توندتیژی ڕوویداوە، بەڵام ڕووداوە مێژووییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە زۆرجار ئەوان هۆکاری سەرەکی توندوتیژین. بە گوتەی **تیلی** ئەمڕۆ لە ئەوروپادا هێزە سەرکوتکەرەکان باشترین داهێنەرو جێبەجێکاری توندوتیژین (1978, p. 177).

سەرەڕای ئەوەش، لەو بارانەدا کە توندوتیژی ڕوودەدات هۆکارەکانی دەسەڵاتی ڕەسمی بەرپرسن لە زۆرترین ڕێژەی مردن و بریندار بووندا. ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەوان بە ئاسانی دەستیان بە چەك و سوپا دەگات شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە. ئەو گروپانەش کە دەسەڵاتی ڕەسمی هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان دەدات لەبەرامبەردا زیانی زۆرتر بە کەلوپەل و سامانەکان دەگەیەنن (Tilly, 1978, p.p 176-T).

بە ڕای **تیلی** بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان جۆرە کارێکی بە کۆمەڵن کە لە بارودۆخگەلێکدا ڕوودەدەن کە ئەو ناوی لێ ناوە فەرمانڕەوایی چەند لایەنە. لەو بارودۆخەدا حکوومەت لەبەر چەند هۆکارێك کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ناوچەکانی ژێر ئیدارەی خۆی لە دەست دەدا. فەرمانڕەوایی چەند لایەنە ڕەنگە لە ئەنجامی شەڕی دەرەکی، پێکدادانی سیاسیی ناوخۆ یا پێکهاتەی هەردووکیان بێتەکایەوە. سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەستراوەتەوە بە ئاستی کۆنترۆڵی هێزە چەکدارەکان لە لایەن حکوومەت و بوونی دژیەکی لە ناو چینی فەرمانڕەواو ئاستی ڕێکخستنی بزووتنەوەکە کە هەوڵی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەدات.



## هەڵسەنگاندن

کارەکەی **تیلی** نیشاندەری یەکێکە لە وردترین ئەو هەوڵانەی کە بۆ ڕاڤەکردنی توندوتیژی بە کۆمەڵ و خەباتە شۆڕشگێڕییەکان دراوە. پێ دەچێ ئەو چەمکانەی ئەو خستونیەتەڕوو بەفراوانی بەکارهاتبن، و بەو شێوەیەی کە ئەو بەکاری هێناون، دەتوانرێ بەسەر بارودۆخی شوێنی و زەمانی مێژوویی جیاوازدا پراکتیك بکرێن.. بابەتەکانی چۆنیەتی سازدانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان، ئەو سەرچاوانەی کە دەتوانن ئامادەیان بکەن و پەیوەندی نێوان ئەو گروپانەی کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات خەبات دەکەن، هەموو ئەمانە چەند لایەنێکی گرنگن لە مەرجەکانی گۆڕانی کۆمەلایەتی. بەڵام **تیلی** سەبارەت بەو ڕەوشەی کە دەبێتە هۆی فەرمانڕەوایی چەند لایەنە شتێکی ئەوتۆ ناڵێ. ئەم بابەتە بە ڕادەیەك لە ڕوودانی شۆڕشدا گرنگە کە ئەمە نیشانەی کەموکورتییەکی جیدییە لە کاری تیلیدا. بە بۆچوونی **تیدا ئیسکاچپل**، **تیلی** وا گریمان دەکا کە بە دواداچوونی ئاگایانە و مەبەستداری بەرژەوەندییەکان، بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان ئاراستە دەکات و پرۆسەکانی گۆڕانی کۆمەلایەتی کاتێ ڕوودەدەن کە خەڵکی توانای تێگەیشتنیان هەبێ. بە پێچەوانەی **تیلی**، **ئیسکاچپل** پێیوایە کە ئامانجی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان ناڕوون و دیاری نەکراون. ئەو پێیوایە کە شۆڕش تا ڕادەیەکی زۆر بەشێکە لە ئەنجامە نەویستراوەکانی ئامانجە ناسەرەکییەکان کە گروپ و بزووتنەوەکان لە پێناو گەیشتن پێیان خەبات دەکەن. **ئیسکاچپل** دەنوسێ: پێشکەشکردنی وێنەیەکی ئامانجدار لە

پرۆسە و ئەنجامەکانی شۆڕشە مێژووییەکان بە ئەندازەی پێشکەشکردنی ئەوها وێنەیەك سەبارەت بە هۆکارەکانی بەهەڵەدابەرە. چونکە ئەم وێنەیە جەخت دەکاتەوە کە دەتوانین. پرۆسە و ئەنجامەکانی شۆڕش لەسەر بناغەی چالاکی و ئامانجەکانی ئەو گروپەی (ئەو گروپانەی) کە لە سەرەتادا شۆڕشیان هەڵگیرساندوە تێ بگەین. ئەم چەمکانە لە ڕادەبەدەر سادەن. لەڕاستیدا، لە شۆڕشە مێژووییەکاندا، گروپە جیاوازەکان بەهۆی پاڵنەری جیاوازەوە ڕۆڵیان لە پرۆسەی ئاڵۆزی شێوە وەرگرتن و چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەبوو. ئەم کێشانە بەهۆی بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری نێو دەوڵەتییەوە فۆرمولەو سنووردار کراون، بەستراوە بەوەی کە هەر بارودۆخێکی شۆڕشگێری لە سەرەتادا چۆن پەیدابوون کێشەکان بە ئاراستەی جیاواز بەرەو پێش چوونە (Skocpol, 1979, p. 17, Dunn, 1985).



## دەرئەنجامەکانی شۆڕش

لێکۆڵینەوە لە بارەی دەرئەنجامەکانی شۆڕش بە ئەندازەی ڕاڤەکردنی سەرچاوەکانی ئاڵۆزە. ڕووداوەکانی پاش شۆڕش تا ڕادەیەك لە ژێر کاریگەری هەمان ئەو ڕووداوانەن کە بوونەتە هۆی شۆڕش. هەندێ جار لە پاش سەردەمێك لە خەباتی شۆڕشگێری ولاتێك تووشی هەژاری و لێکترازانی توند بووە. پاشماوەکانی ڕژێمی ڕووخێنراو ڕەنگە بە هاوکاری لەگەڵ ئەو گروپانەی کە خەبات دەکەن لە پێناو گرتنەدەستی دەسەلات ڕیزەکانی خۆیان یەك بخەنەوەو دەست بە هێرش بکەنەوە. ئەگەر ولاتانی دراوسێ دژی حکوومەتی نوێ بن (بۆ نموونە، وەکو ئەوەی پاش شۆڕشی ١٩١٧ی ڕووسیا ڕوویدا) زۆر زەحمەتە کە حکوومەتی نوێ لە بنیادنانەوەی کۆمەلایەتیدا سەرکەتوو بێت. حکوومەتە شۆڕشگێڕییەکانیش جیاوازییان هەیە لە ئامانجەکانیاندا هەندێ ئامانجی زۆر ڕادیکاڵتری هەیە. ئەگەرچی شۆڕشەکان ڕەنگە دەرئەنجامی دورودرێژیان هەبێ لەسەر کۆمەڵگاکان، بەلام جیاکردنەوەیان لە هۆکارەکانی تری کاریگەر لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگا کارێکی دژوارە.

## دەرئەنجامە کورتەکان

لە پاش زۆرێك لە شۆڕشەکان ماوەی شەڕی ناوخۆ دەست پێ دەکات، کە پێویستە حکوومەتی نوێ لە میانەیدا گروپە نەیارەکانی شکست پێبێنێت. شۆڕشەکان بە شێوەیەکی سروشتی لە بارودۆخێکدا ڕوودەدەن کە هێزی حکوومەتی کۆن بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچووە، گروپی جیاواز لە پێناو شوێنگرتنەوەیدا ململانێ دەکەن. هەندێکیان لە ڕووی سەربازییەوە ڕەنگە ئەوەندە بەهێزبن کە توانای درێژەدان بە خەبات لە دژی حکوومەتیان هەبێ، یان لە ولاّتانی تر کە پشتگیری لە ئەنجامەکانیان دەکەن یارمەتی دارایی وەربگرن. لە شۆڕشەکانی ڕووسیا، چین و کوبا ئەم بارە هەبوو، ئەگەرچی ڕادەی ئەو دژایەتییەی کە ئەو شۆڕشانە بەرەو ڕووی بوونەوە جیاواز بوو- ڕووسیا بەکردەوە کەوتە ژێر هێرشی ئەو هێزانەی کە لە ولاّتانی ڕۆژئاواوە بۆ یارمەتی دانی کەسانی وەفادار بە ڕژێمی پێشوو نێردرابوون.

شۆڕشەکان بەناوی ئازادییەوە ڕوودەدەن، بەلاّم بەزۆری لە پاش شۆڕشەکان ماوەیەك لەسەرکوتکردنی توندی کۆمەلاّیەتی دەستپێدەکا. لە ئەمریکا شتێکی وا ڕووینەدا هەروەها ریزپەری تریش هەیە. لە کوبا، ئەگەرچی دەوڵەمەندان لە ولاّت ڕایان کرد، بەلاّم کوشتن و بەندکردنی بێ سەروبەری خەڵك لە لایەن کاربەدەستانی نوێوە کەمتر ڕوویدا. بەلاّم لە چەندین باری زیاتردا لە پاش شۆڕشەکان چەند ماوەیەکی بەندکردن و سێدارەدانی بێ سەروبەری فراوان و سانسۆری



توندوتیژ هەبووە. هەندێ لە شۆڕشەکان توندوتیژی زۆریان بەدواوە بووە. چەمکی ترسی شۆڕشگێری بۆ یەکەمین جار بۆ وەسفکردنی ئەو توندوتیژییە بەکارهات کە پاش شۆڕشی **١٧٨٩** فەڕەنسا بەکارهات بۆ ناچارکردنی خەڵك تا پەیڕەوی لە فەرمانڕەوایانی نوێ بکەن.

ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە بە پشتیوانی ڕژێمی پێشوو یا دژی شۆڕشی فەڕەنسا دەژمێردران، کەوتنە بەر لێپێچانەوەو لە بەرامبەر خەڵکی لە سێدارە دران. ئەم جۆرە ڕووداوانە بە زۆری چەند ساڵێك پاش بە دەستەوەگرتنی دەسەلاّت لە لایەن ڕژێمی نوێیەوە دەست پێ دەکەن نەك ڕاستەوخۆ پاش سەرکەوتنی شۆڕش، چونکە بە شێوەیەکی سروشتی بەرلەوەی حکوومەتی نوێ دەست بەجێبەجێ کردنی بەرنامەی ڕادیکاڵی خۆی بکات ماوەیەك لە سەقامگیری هەیە. لەم قۆناغەدا ڕەنگە ئەو بەرگرییەی لە لایەن پارێزەرانی ڕژێمی کۆن یا هەندێ گروپی ناڕازییەوە دەکرێ، ڕەنگە لەگەڵ ناڕەزایی دروست بوو لە سیاسەتە نوێکانەوە ئاوێتە بێ. بۆ نموونە، لە یەکێتی سۆڤیەت، ستالین سەرەڕای بەرگریی زۆری جوتیاران بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی دروستکردنی کێلگە بە کۆمەڵەکان. لەم پرۆسەیەداو لە تەسفیەکردنی گروپە ناڕازییەکاندا، خەڵکێکی زۆر گیانیان لە دەستدا یا بۆ ئوردوگاکانی کاری زۆرەملێ نێردران. مەزندەکراوە کە لەم ماوەیەدا **٥**٪ی دانیشتوانی سۆڤیەت تووشی زیندانی کردن هاتوون (Kesstmanetal, 1978). بەلاّم ئەم ڕووداوانە نزیکەی دەیەیەك لە پاش خودی شۆڕشەکە ڕوویاندا.

## دەرئەنجامە درێژخایەنەکان

دەتوانین ئەنجامە درێژخایەنەکانی شۆڕش لە ڕێگای بەراوردێك لە نێوان چەند کۆمەڵگایەکی لێکچوو دەربخەین کە هەندێکیان ئەزموونی شۆڕشیان هەیە و هەندێکی تریش ئەم ئەزموونەیان نییە. بۆ نموونە، دەتوانین گەشەپێدانی چین لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو لەگەڵ هیند بەراورد بکەین. هەردوو وڵات، تا ڕادەیەك لە پاش جەنگی جیهانی دووەم لە نفوزی ڕاستەوخۆی ڕۆژئاوا رزگاریان بوو، بەڵام لەو کاتەدا کە چین شۆڕشی ئەزموون کردبوو، هیند ئەم ئەزموونەی نەبوو. لە هیند ئەگەرچی بزووتنەوە بەهێزەکان لە دژی حکوومەتی بەریتانیا پەشێویەکی زۆریان نایەوە، بەڵام بەریتانییەکان بەبێ ڕوودانی پرۆسەیەکی شۆڕشگێرانە پاشەکشەیان کرد.

ئەو ڕێگایانەی کە ئەم دوو کۆمەڵگایە لە پاش دەیەی ١٩٤٠ گرتیانەبەر لە گەشەپێداندا تا ڕادەیەکی بەرچاو جیاوازن. لە چین حکوومەتی کۆمۆنیستی حکوومەتێکی ناوەندیی بەهێزی دروستکردو سانسۆرێکی توندی خستە سەر چاپەمەنی و ڕۆژنامەکان. بەپێچەوانەوە هیند خاوەنی سیستەمێکی پارلمانی و هەڵبژاردنی فرەحزبیە لەسەر مۆدێلی ڕۆژئاوایی. ڕادەی ئازادیی سیاسی لە چین لە ڕووی جۆراوجۆری ئەو بیروڕایانەی کە دەکرێ بە ئاشکرا بخرێنەڕوو، هەروەها جۆری ئەو ڕێکخراوە سیاسیانەی کە بە یاسا دەکرێ دروست بن زۆر لە هیند کەمترە. لە لایەکی ترەوە پێشکەوتنی چین لە ڕووی کەمکردنەوەی



ڕێژەی هەژاری، نەهێشتنی گەندەڵی ئیداری، فەراهەمکردنی ئاسانکاری تەندروستی و چارەسەری و خۆشگوزەرانی زۆر زیاتر بووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو توندوتیژییە زۆرەی کە لەسەردەمی پێش شۆڕش لە چیندا هەبووە، ئەوا تایبەتمەندی بەرچاوی سەردەمی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیستی کەمبوونەوەی ڕێژەی سەرکوتکردنی سیاسییە لە لایەن دەوڵەتەوە. کوشتار و دەسگیرکردنی بە کۆمەڵ وەك ئەوەی لە سەردەمی ستالین لە سۆڤیەت دەبینرا لە چین کەمتر بوو.

مەزەندەکان سەبارەت بە گەشەسەندنی ئابووری چین جیاوازن، بەڵام بە گشتی وا بڕوا دەکرێ کە ڕێژەی گەشەی چین لەماوەی (١٥) ساڵی دوای شۆڕش زۆر بەرزتر بووە لە هیند. لە ماوەی ئەم سەردەمە و ساڵانی دواتریش بەردەوام ڕێژەی گەشە زۆر لە پێش بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان دابوو، هەروەها بە پێچەوانەی هیند بەرنامەکانی چاکسازیی زەویش لە چین سەرکەوتووتر بوو. دەسەڵاتی دەوڵەمەندە خاوەن موڵکەکان تێکشکا و زەوییەکانیش سەرلەنوێ بەسەر جوتیاراندا دابەشکرانەوە (Bergmann, 1977).

هیند و چین هیچ کامیان پرۆسەیەکی سەقامگیری گەشەپێدانیان ئەزموون نەکردووە. لە هیند حکوومەت هەوڵی داوە لە وڵاتێك کە ناکۆکییە ناوچەییەکان هەست پێکراون کۆنترۆڵ بەرقەرار بکات. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦ و ١٩٦٨ شۆڕشی کولتوورین، چینی تووشی ئاژاوە کرد. لەم سەردەمەدا ملیۆنەها کەس و بەتایبەتیش لاوان هەوڵیاندا کە بەها

پرۆلیتارییەکان بەسەر پسپۆڕ و بەڕێوەبەر و دەسەڵاتدارە حیزبییەکاندا بسەپێنن، چونکە گومانیان دەکرد کە ئەوان ڕێنماییەکانی شۆڕشیان پشتگوێ خستووە. ئەمڕۆ ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەیەکی تر کە لە هەندێ لاوە دەکەوێتە جەمسەری بەرامبەری شوێنین، گیراوەتەوە. حکوومەتی چینی ئێستا هەوڵی سوود وەرگرتن لە میکانیزمەکانی سەرمایەداری دەدات لە گەشەپێدانی پاڵنەری کەسی و سوود بە مەبەستی باشکردنی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی.



## ئاژاوەکان، ئاپۆرەکان و شێوەکانی تری کاری بە کۆمەڵ

هەموو شۆڕشەکان هەڵگری کاری بە کۆمەڵن. بەڵام هەروەکو تیۆرەکەی **تیلی** نیشان دەدات کە کاری بە کۆمەڵ لە زۆر باری تردا، سەرەڕای بارودۆخی گۆڕانی شۆڕشگێری، دەبینرێ و لە هەر شوێنێك کە دەرفەتی گردبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری تاکەکان هەبێ دەشێ ڕووبدات. ئاپۆرەی شاری لە سەرەتای دروستبوونی شارەکان مەترسییەکی بەهێز بوو بۆ دەسەڵاتدارانی سیاسی لە ناوچە شارنشینەکاندا، بەپێچەوانەی ناوچە لادێییەکان، خەڵك نزیك لێك دەژین و بە ئاسانی بۆ پێشاندانی پشتیوانی لە ئامانجەکان یا دەربڕینی ناڕەزاییەکان بڕژێنە سەر شەقامەکان.

کردەوەی گروپە شارییەکان نموونەیەکن لە چالاکییەکانی ئاپۆرە. ئاپۆرە گردبوونەوەیەکی تا ڕادەیەك گەورەی تاکەکانە کە لە کارلێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا لە شوێنێکی گشتیدان. بە یەکێك لە تێگەیشتنەکان، ئاپۆرەکان بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەی هەر شارێك. بۆ نموونە کاتێك باس لە بنکەیەکی کڕینی قەرەباڵغ، شانۆیەك یا پارکێکی گەشتوگوزاری دەکەین، مەبەست ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر لە فەزایەکی فیزیکی سنووردار پێکەوە کۆبوونەوە. ئەم تاکانە لەکارلێکی بەرامبەر و نامۆڕەکەزدان. ئەمانە لە ڕووی

فیزیکەوە لە چوارچێوەیەکدا دەژین و ئاگایان لە ئامادەبوونی یەکتر هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی گروپی بچووك یان بە تەنیا بە دوای ئامانجەکانی خۆیاندا دەگەڕێن و ڕێگای تایبەتی خۆیان هەڵدەبژێرن، بەڵام لە هەندێ باردا — لە خۆپیێشاندانی سەرشەقام، ئاژاوە یا ترس — کاری هەر کەسێك بە هۆی کەسانی ترەوە سنووردار دەکرێت. بارەکە لەناکاو بە شێوەی بارێك لە کارلێکی بەرامبەر و مورەکەزی لێ دێت، چونکە ئاپۆرە هەرچەندە بە شێوەیەکی کاتیش بێ وەك یەکەیەك کاردەکات. ڕەفتاری ئاپۆرە لەم بارەدا سالآنێکە سەرنجی کۆمەڵناسان و مێژوونوسانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەتایبەتیش پاش شۆڕشی فەڕەنسی **١٧٨٩**.

### تیۆری لۆبۆن دەربارەی کردەی ئاپۆرە (Crowd)

یەکێك لە سەرەتاییترین لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بەکردەی ئاپۆرە کتێبی **گۆستاف لۆبۆنە** بەناوی ئاپۆرە کە لە ساڵی **١٨٩٥** بلاْوبۆتەوە. پاڵنەری **لۆبۆن** لە لێکۆڵینەوەکان و توێژینەوەی ئەو ئاژاوە شۆڕشگێرییە بوو کە لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی داهەبوو. بەبۆچوونی **لۆبۆن** ڕەفتاری خەڵك لە کاتی هەڵچوونی بە کۆمەڵی گروپێك بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە لە ڕەفتاریان لە کاتێکدا لە ناو گروپە بچووکەکاندان.



لە ژێر کاریگەریی گروپێکی چەق بەستوو تاکەکان دەتوانن کاری دڕندانە و قارەمانانەی ئەوتۆ بکەن کە لە تەنیاییدا هەرگیز بیری لێ ناکەنەوە. بۆ نموونە ئەو ئاژاوە شۆڕشگێرییەی کە هێرشی کردە سەر بەندیخانەی باستیل بەبێ گوێدانە ئەو زیانانەی کە پێی کەوت ئەو کارەی کرد، هەروەها ئاپۆرەی سەرشەقامەکانیش لە شۆڕشی **١٧٨٩** کردەی دڕندانەی زۆریان ئەنجامدا.

هۆکاری ئەم کارە چییە؟ بە تێڕوانینی **لۆبۆن**، کاتێ کە خەڵك دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو هەڵچوونە بە کۆمەڵەی کە ئاپۆرەیەك دروستی دەکات، هەندێ لەو هێزە عەقلییە لۆجیکیانەی لە کاتی ئاساییدا هەیانە لە دەستی دەدەن. خەڵك بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەری و پێداگرتنی ڕێبەرانی ئاژاوە یان ئەوانەی دەیانهەوێ فریویان بدەن. لە ژێر کاریگەریی ئاپۆرەدا تاکەکان بەرەو جۆرەکانی ڕەفتاری سەرەتایی پاشەکشە دەکەن. هەروەك **لۆبۆن** دەنوسێت: ((تەنها لە کاتی تەنیایی، تاکەکەس دەتوانێ کەسێکی پەروەردەکراو بێت، بەڵام لە ناو ئاپۆرەدا تاك دڕەندەیە، واتە بوونەوەرێکە لەسەر بنەمای غەریزە ڕەفتار دەکا. لەوکاتەدا ئەو خاوەنی غەریزەی وەك خۆوروژاندن و توندوتیژی و دڕندەیی هەروەها قارەمانییەتی مرۆڤە سەرەتاییەکانە (Lebon, 1960, p12).

ئەگەرچی بیروڕاکانی **لۆبۆن** بوونەتە جێی گرنگی پێدانی نووسەرانی پاش خۆی، پێویستە ئەو بیروڕایانە بە خۆپارێزییەوە وەربگرین. **لۆبۆن** بەرهەمەکانی خۆی وەك پارێزگارێکی ڕەخنەگر لە دیمۆکراسی نووسی

**لۆبۆن** شۆڕشی فەڕەنسی بەسەرەتای سەردەمێك دەزانی كە تیایدا ئاپۆرەكان — جەماوەری ئاسایی — بەسەر فەرمانڕەوایانی خۆیاندا زاڵ دەبن. بەبڕوای **لۆبۆن** گروپە پارلمانییەكان ناتوانن وەك تاكەكەسان بڕیاری عەقلانی وەربگرن. لەوانەیە ئەوان وەك ئاپۆرەی سەرشەقامەكان لەبەر بارودۆخی ڕۆژگار یا بەهۆی هەواو هەوەسەوە بكەونە ژێر كاریگەریی جەماوەرەوە. **لۆبۆن** دەیەویست نیشان بدا كە دیمۆكراسی كاردانەوە سەرەتاییەكانی مرۆڤ دەردەخات و توانا بەرز و شارستانییەكانی مرۆڤ لەناو دەبات.

بەلاّم، هەندێ لە بیروڕاكانی **لۆبۆن**، بەلایەنی كەم سەبارەت بە ئاپۆرەی سەرشەقامەكان شیاو دێنە پێش چاو. وادیارە كە بەڕاستی كۆبوونەوەی ژمارەیەكی زۆری خەڵك، لە هەندێ هەلومەرجدا، دەتوانێ هەڵچوونێكی بە كۆمەڵ دروست بكا كە جۆرەها چالاكی نائاسایی لێ بكەوێتەوە. بەشداران لە كۆنسێرتێكی مۆزیكی جەماوەر پەسندا هەندێ جار دەبنە دڕندە، یا لە ڕووداوی وەرزشیدا ئاژاوە دەنێنەوە. خەڵكی لە كاتی ترسدا، بێ گوێ دانە هیچ شتێك و بە شڵەژاوی بۆ دۆزینەوەی شوێنێكی بێ مەترسی هێرش دەبەن، هەرچەندە ڕەنگە هەندێكیان بكەونە ژێر دەست و پێ و بمرن. كۆمەڵانی غەوغا لە شەقامەكاندا هەراوهۆریا دروست دەكەن و ئەو كەسانەی كە بە دوژمنی خۆیانی دەزانن، دەدەنە بەرلێدان و كوشتن، ڕێك وەك ئەو هێرشەی كرایە سەر یەهودییەكان لە ئەڵمانیای نازییدا.



## لایەنە عەقلانییەكانی كردەی ئاپۆرە (Crowd)

سەرەڕای ئەوە، زۆربەی شێوەكانی ڕەفتاری ئاپۆرە بەپێچەوانەی گومانی **لۆبۆن** عەقلانی و لە پێشەوە دەستنیشان كراون. كەسانێك كە لەم جۆرە كردە بە كۆمەڵە بەشداری دەكەن زێتر لەوەی **لۆبۆن** تەسەوری دەكرد لە ئامانجەكانی ئاگادارن، هەروەها ئەم جۆرە ئاپۆرایانە هەروەك **لۆبۆن** دەڵێ هەمیشە لە خەڵكی نابەرپرس پێك نایەن وەك تاوانبار و نەفس نزمەكان. توێژینەوەكانی **ژورژورووێ** سەبارەت بە شۆڕشی فەڕەنسی ئەوە نیشان دەدەن كە زۆربەی ئەوانەی هێرشیان كردەسەر بەندیخانەی باستیل خەڵكی بەئابڕو و خاوەن پیشەی ڕەسمی بوون، نەك تاوانبار و بەرەڵلاكان (Rudê, 1959). لێكۆڵینەوەی ئەو ئاژاوە شاریانەی كە لە گەڕەكە ڕەشپێست نشینەكانی ئەمریكا ڕوویاندا نیشانیاندا كە ئاژاوەگێڕان لە كەسانی تاوانبار یان تەنانەت ئەو كەسانەی كە كەڵكیان لە سوودەكانی خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی وەردەگرن، نەبوون. بە شێوەیەكی گشتی زۆربەی ئاژاوەگێڕان لەو كەسانە پێك دەهاتن كە كرێكار بوون و وشیاریان سەبارەت بە بابەتە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان لە ڕەشپێستە شارنیشینەكانی تر زیاتر بوو، هەروەها زیاتریش بەشدارییان لە چالاكییە سیاسییەكاندا دەكرد لە پێناو هێنانەدی مافە مەدەنییەكانیان. سەرەڕای ئەوەش ئەگەرچی ئاژاوەكان بەشتێكی ڕێكەوت دەهاتنە بەرچاو، بەلاّم بە شێوەیەكی گشتی هەموو ئەو سامانەی كە بەتالان برا هی سپیپێستەكان بوو (U.S Riot Comission,1966).

هەندێ لە نووسەران پێیان وایە کە ئاپۆرەکان ئەگەر بەپێچەوانەی ڕێگای **لۆبۆن** سەیر بکرێن، زیاتر قابیلی تێگەیشتن دەبن. بەم شێوەیە **ڕیچارد دبێرک** پێیوایە بۆ تێگەیشتنی ڕەفتاری تاکەکان لە ناو ئاپۆرەدا، پێویستە وەك وەلامێکی لۆجیکیانە بۆ بارودۆخێکی تایبەتی لە قەڵەم بدرێن (Berk, 1974). کۆبوونەوەی ئاپۆرەکان بەزۆری دەرفەتی بەدەستهێنانی ئامانجەکان بەکەمترین باجی تاکەکەسی دەرەخسێنێ. تاکەکان لە ناو ئاپۆرەدا ناویان دیار نییە و دەتوانن بێ ترسان لە عاقیبەتی ئاشکرابوونی ئەو کارانە کە جگە لەم حاڵەتە سزا دەدرێن — دەتوانن ئەنجام بدەن، بۆ نموونە تالانکردنی کۆگایەك بۆ بەدەست هێنانی کەلوپەل — کە ئەگەر لە کاتی ئاساییدا ئەنجامی بدەن ڕەنگە تووشی سزابن. کاتێ کە تاکەکان وەك ئاپۆرە کاردەکەن بە شێوەیەکی کاتی دەسەلاتێکی زۆر زیاتریان هەیە لەوەی وەك تاکە هاوولاتییەك کاربکەن (Turner & Killoian, 1922).

ئایا دەکرێ ئەم ڕوونکردنەوەیە سەبارەت بەو بارودۆخانە بەکاربێت کە تیایدا توندوتیژی زێدەڕۆیانە سەبارەت بە بێتاوانەکان — بەکاردێت — بۆ نموونە سەبارەت بەکردەی گروپەکانی ئاژاوە کە ڕەشپێستەکانیان بە بەرچاوی خەڵکەوە ئازار دەداو دەیان کوشتن؟ لە سێدارەدانی خەڵك، بەبێ دادگایی سەردەمێك کارێکی باوبوو. لە پاش جەنگی ناوخۆ، ڕاوکردنی ڕەشپێستەکان کە کۆیلە ئازادبووەکانیان دەدۆزینەوەو دەیان کوشتن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوە دەچوو. لە نێوان سالانی **١٨٨٩** و **١٨٩٩** زیاتر لە ١٨٠٠ باری لە سێدارەدانی بێ دادگایی تۆمارکراوە، بەلام



لەبەر ئەوەی زۆربەی بارەکان تۆمار نەکراون ئەوا ژمارە ڕاستەقینەکە زۆر زیاتر بووە (Cantril, 1963).

ئاپۆرەکانی ئاژاوە ماڵی ڕەشپێستەکانیان دەسوتاند و ئەشکەنجەیان دەدان و پارچە پارچەیان دەکردن. مومکینە وابێتە پێش چاو کە ئەم کردەوانە تەنیا لەسەر بنەمای تێڕوانینەکانی **لۆبۆن** قابیلی تێگەیشتن بن. بێگومان هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی توندوتیژی غەوغا کە **لۆبۆن** دیاریکردبوون لەم زەمینەیەدا پەیوەندار دێنە بەرچاو. بەلام سەبارەت بە بارەکانی لە سێدارەدانی بێباکانە دەکرێ بڵێین هەندێ لایەنی عەقلانی هەبووە. کەسانێك کە لەم جۆرە کارانەدا بەشدارییان دەکرد ئەندامانی گروپە نیمچە ڕێکخراوەکان بوون کە خۆیان بە خاوەنی ئامانجی شەرعی دەزانی. کارکردن لە ناو گروپی غەوغا، بەرپرسیارییەتی ئەوانی کەم دەکردەوەو لە هەمان کاتیشدا توڕەیی و بێزاری خۆشیان بە ئاشکرا سەبارەت بە ئازادکردنی کۆیلەکان نیشان دەدا. هەروەها ئەم توندوتیژیانە وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵی ڕەشپێستەکان بەکار دەهاتن. دانیشتوانی ڕەشپێست لەوە تێدەگەیەنران کە دەرکردنی یاسایەك لە باکوور واقیعی دەسەلاتی سپیپێستانی لە باشوور نەگۆڕیوە.

دەکرێ بوترێ کە تاکەکان لە کاتی بوونیان لە ناو ئاپۆرەدا تا ئەندازەیەك دەتوانن بەسەر شێوەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتیدا زاڵ بن، دەسەلات و بێ ناویی ناو ئاپۆرە ئەو دەرفەتەیان پێ دەدات تا بەو جۆرە کاربکەن کە

به شێوەیەکی سروشتی دەیانهەوێ، بەڵام وا هەست دەکەن کە ناتوانن بەتەنیا ئەنجامی بدەن.

کردەی غەوغا و ئاژاوە — هەروەك **تیلی** جەختی لەسەر دەکاتەوە — نیشاندەری ناکامی خەڵکێکە کە ناتوانن بۆ دەربڕینی نارەزاییەکان و بەدیهێنانی ئەو چاکسازییانەی بە پێویستیان دەزانن بە کەناڵە ڕەسمییەکان بگەن. دەسەڵاتداران هەمیشە لە چالاکی غەوغا ترساون، نەك تەنها لەبەر مەترسییە ڕاستەوخۆکەی، بەڵکو لەبەر ئەوەی نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای غەوغا شێوەی ئاشکرا و هەستپێکراو وەردەگرن. کردەی ئاپۆرەکان لە کاتی شۆڕشەکاندا ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێرا دەکەن، تەنانەت ئاژاوەکانیش سەرەڕای ئەو زیان و وێرانی و خەسارەتە مرۆییەی لێی دەکەوێتەوە دەتوانن ببنە داینەمۆی گۆڕان و کەمترین سوودیان هەبێ. لێشاوی ئاژاوەکان لە ناوچە ڕەشپێست نشینەکانی ئەمریکا لە دەیەی ١٩٦٠ کۆمەڵی سپیپێستانی ناچارکرد کە ئاوڕ لە بێبەشی ڕەشپێستان بدەنەوە، ئەمەش بووە هۆی سەرەتای دەستپێکی بەرنامەکانی چاکسازی لەم وڵاتەدا.



# بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا، سەرەڕای ئەو بزووتنەوانەی بە چالاکی شۆڕشگێرییەوە خەریکن. بزووتنەوەی تر هەن کە هەندێکیان درێژخایەن و هەندێکی تر زووتێپەڕن. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە ئەندازەی ڕێکخراوە ڕەسمی و بیرۆکراتەکان یەکێکن لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی مۆدێرن. لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ماهییەت و کاریگەریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان مەیدانێکی گرنگ و سەرنجراکێشی سۆسیۆلۆژییایە.

## پێناسە

دەتوانین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەوە پێناسە بکەین کە بریتییە لە هەوڵێکی بە کۆمەڵ بۆ بەرەو پێشبردنی بەرژەوەندی هاوبەش، یا دەستەبەرکردنی ئامانجی هاوبەش کە لە ڕێگای کاری بە کۆمەڵ لە دەرەوەی دامودەزگا ڕەسمییەکانەوە ئەنجام دەدرێن. لەوەوە کە ئەم بزووتنەوانە جیاوازییان هەیە دەبێ پێناسەکە گشتگیربێ. زۆر لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە زۆر بچووکن و ڕەنگە ژمارەی ئەندامانیان لە چەند کەسێك تێپەر نەکا، بزووتنەوەی تر هەن کە ڕەنگە هەزاران و بگرە ملیۆنەها کەس لەخۆبگرن — هەندێ لەو بزووتنەوانە لە چوارچێوەی یاسای کۆمەڵگا کاردەکەن، لە کاتێکدا کە بزووتنەوەکانی تر بە شێوەی

گروپی نایاسایی و بە نەهێنی چالاکی دەنوێنن. بەڵگەنەویستە کە لە ئەنجامی کاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یاساکان تا ئەندازەیەك یانیش بەتەواوی دەگۆڕێن. بۆ نموونە، چالاکی گروپە کرێکارییەکان کە ئەندامانی خۆیان بۆ مانگرتن بانگ دەکرد، لە ڕابردوودا نایاسایی بوو هەروەها ئەو سزا یاساییانەش کە لە وڵاتانی جیاوازدا بۆی دیاری کرابوو جیاواز بوو. سەرەنجام چاکسازی لە یاساکاندا کراو مانگرتن بووە شێوازێکی مۆڵەت پێدراوی دژە پیشەسازی. لە بەرامبەر ئەمەدا، شێوەکانی تری ناڕەزایی ئابووری لە زۆر وڵاتدا تا ئێستاش نایاساییە وەك مانگرتن بەدانیشتنەوە لە کارگە و شوێنەکانی کاردا.

هەندێ جار هێڵی جیاکەرەوەی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە ڕەسمییەکان ڕوون نییە، چونکە ئەو بزووتنەوانەی کە بەتەواوی سەقامگیربوون و شێوەیەکی ڕەسمییان وەرگرتووە بە زۆری تایبەتمەندییە بیروکراتەکان پەیدا دەکەن. بەم شێوەیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە وردە وردە بگۆڕین بۆ ڕێکخراوەی ڕەسمی لە ئایندەدا، لە کاتێکدا — لە باری کەمتردا — مومکینە کە ڕێکخراوە ڕەسمییەکان بگۆڕێن بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە سوپای ڕزگاری Salvation army سەرەتا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام ئێستا زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوێکی هەمیشەیی بەخۆوە گرتووە. نموونەی بەرامبەری ئەوە حاڵەتی حیزبێکی سیاسییە کە قەدەغە دەکرێت و ناچار دەبێت چالاکی ژێر زەمینی بکات و ڕەنگیشە لە کۆتاییدا بگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی پارتیزانی.



بەهەمان شێوە جیاکردنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکان ئاسان نییە. گروپە بەرژەوەندیدارەکان ئەو ڕێکخراوانەن کە بە مەبەستی تەئسیرکردن لە سیاسەتمەداران، بە شێوەیەك کە لەبەرژەوەندی ئەواندا دابێت دامەزراون. بۆ نموونە ((ئەنجومەنی ئۆتۆمبیل)) کە فشار بۆ پارلمان دێنی تا بەرگری لە بەرژەوەندی شوفێران بکات. بەڵام ئایا ڕێکخراوی خەبات لە پێناو داماڵینی چەکی ناوکی کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك فشار دەخاتە سەر پارلمان سەبارەت بەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە چەکی ناوکییەوە، گروپێکی خاوەن بەرژەوەندییە یان بەشێکە لە بزووتنەوەیەکی گشتگیری فراوان؟ لەم بارانەدا ناکرێ هیچ وەڵامێکی ڕوون بدرێتەوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەزۆری لە ڕێگای کەناڵی ڕێکخراو و ڕەسمی بە شێوەیەکی چالاك ئامانجەکانی خۆیان بەرەو پێش دەبەن، لە کاتێکدا کە بە شێوەی ناڕەسمیش چالاکی دەنوێنن.

## پۆلێنکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

شێوەی جۆراوجۆر بۆ پۆلێنکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێشنیارکراون. ڕەنگە وردترین و گشتگیرترین ئەو پۆلێنکردنە هی **دێڤید ئەبرێل** بێ کە چوار جۆر بزووتنەوەی لێك جیاکردۆتەوە (Aberle, 1966).

١- بزووتنەوە گۆڕانخوازەکان کە ئامانجیان گۆڕانی فراوانە لەو کۆمەڵگایانەی کە خۆیان بەشێکن لێی. ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئەم

بزووتنەوانە هەوڵی بۆ دەدەن گۆڕانی خێراو گەورە، گشتگیر و فراوانن و بەزۆری توندوتیژن. نموونەی ئەم بزووتنەوانە، بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان وەك، هەندێ بزووتنەوەی دینیی ڕادیکاڵ. بۆ نموونە، زۆر لە بزووتنەوەکانی هەزارەی مەسیحی نوێ بوونەوەی نزیکەی تەواوی بونیادی کۆمەڵگایان لە کاتی هاتنی سەردەمی ڕزگاری پێشبینی کردبوو.

٢- بزووتنەوە چاکسازیخوازەکان ئامانجەکانیان سنووردارن و تەنیا دیانهەوێ هەندێ لایەنی سیستەمی کۆمەڵایەتی باو بگۆڕن. ئەمانە گرنگی بە هەندێ جۆری تایبەتی نایەکسانی و نا عەدالەتی دەدەن. نموونەی ئەم بزووتنەوانە ((یەکێتی ژنانی مەسیحی بۆ خۆپاراستن لە خواردنەوە روحییەکان)) یا ((گروپەکانی دژ بە لە باربردنی مندالّ)).

بزووتنەوە گۆڕانخواز و چاکسازیخوازەکان، هەردووکیان لە بنەڕەتدا خوازیاری گۆڕانن لە کۆمەڵگادا. دووجۆری تر لە بزووتنەوەکان کە **ئەبرێل** دیاریان دەکات لە بنەڕەتدا ئامانجیان گۆڕینی نەریت و ئاراستەکانی تاکە.

٣- بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان هەوڵی ڕزگارکردنی تاکەکان دەدەن لەو شێوازانەی ژیان کە بە گەندەڵ سەیر دەکرێن. زۆر لە بزووتنەوە دینییەکان کە گرنگی خۆیان بۆ ڕزگارکردنی تاکەکەس تەرخان دەکەن، سەربەم جۆرە بزووتنەوانەن. نموونەی ئەم بزووتنەوانە



گروپەکانی پنتیکوستی کە پێیان وایە گەشەی مەعنەوی تاکەکان نیشانەی راستیی بەهای ئەوانە (Schwartz, 1970).

٤- سەرەنجام ئەو گروپانەی کە تا ڕادەیەك ناونیشانێکی نەگونجاو (بزووتنەوە گۆڕانکەرەکان) یان پێ دراوە. ئامانجیان گۆڕانی لاوەکییە لە تاکەکاندا. ئەمانە هەوڵی دروستکردنی گۆڕانی تەواو نادەن لە کاراکتەرەکانی تاکدا، بەڵکو هەوڵی گۆڕینی هەندێ تایبەتمەندی دیاریکراو دەدەن. نموونەیەکی ئەم بزووتنەوانە ((بزووتنەوەی ئەلکحولییە بێ ناوەکانە ( Alcoholics Anonynons)).

## تیۆرەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بە شێوەیەکی سروشتی تیۆرەکانی شۆڕش لەگەڵ تیۆرەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ دەبن. بۆ نموونە، جەختکردنەوەی **تیلی** لەسەر ((سازدانی سەرچاوەکان)) لە لایەن توێژەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە. هەروەها تیۆری **دێڤیس** سەبارەت بە بەرزبوونەوەی چاوەڕوانییەکان و ناڕازییەکان کاریگەری زۆری هەیە. بەڵام دوو گۆشەنیگای تیۆری کە هەم لە ڕووی وردی تیۆری و هەمیش لە ڕووی لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەراییی کە بە یارمەتی ئەوان پەیدابوون گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. ئەم دوو گۆشەنیگایەش بریتین لە گۆشەنیگای **نیل سملسەر** و **ئالان تۆرین**.

## نیل سملسەر: شەش مەرجی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

**نیل سملسەر** شەش مەرجی بۆ ڕوودانی کاری بە کۆمەڵ بەگشتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی دیاری کردووە ( Smelser, 1963). زەمینەی بونیادیی Structural Condnciveness بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە گشتییە دەوترێت کە هاندەر یان بەربەستکاری دروستبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە. بۆ نموونە، **سملسەر** پێیوایە سیستمی کۆمەڵایەتی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهۆی لە دەستدانی ڕێکخستنی دەوڵەتی لە هەندێ قەڵەمڕەوی کۆمەڵایەتی، ڕێگاکانی خۆسازدان لەو قەڵەمڕەوانەدا بەکراوەیی دێڵێتەوە. بۆ نموونە، دەوڵەت هیچ ئایینێکی ڕەسمی نییە و خەڵك ئازادن پەیوەندی بە هەر گروپێکی ئایینییەوە بکەن. گروپە ئایینییەکان کە پشت بە ئامانجی دینی دەبەستن بەو مەرجەی کە یاسا جینایی و مەدەنییەکان پێشێل نەکەن ئەوا لەلایەن کاربەدەستە سیاسییەکانەوە تەحەمول دەکرێن.

ئەو هەلومەرجە زەمینەی لەبار بۆ سەرهەڵدانی هەندێ جۆری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی خۆش دەکا، بەڵام بە تەنیایی پێکیان نایەنێت. فشاری بونیادی Structural Strain کە بەو کێشمەکێشانە — یان بەپێی چەمکی **مارکس** بەو دژیەکیانە — دەوترێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی بەرژەوەندی دژ بەیەك لە کۆمەڵگادا. ئەم فشارانە لە شێوەی نیگەرانی لە ئایندە، تەنگژەکان، شاراوەییەکان یا پێکدادانی ڕاستەوخۆی



ئامانجەکاندا دەردەکەون. سەرچاوەکانی فشار ڕەنگە گشتی یا تایبەت بە هەندێ بارودۆخی دیاریکراو بن. بەم شێوەیە نایەکسانی بەردەوام لە نێوان گروپە نەتەوەییەکان دەبێتە هۆی هەندێ کێشەی گشتی کە ڕەنگە کاتێك بۆ نموونە، ڕەشپێستەکان هەوڵی گواستنەوە دەدەن بۆ ئەو شوێنانەی کە دانیشتوانی سپیپێستن دەشێ هەندێ شێوەی تایبەتی شەڕ ڕووبدا.

سێیەمین مەرج کە **سملسەر** خستویەتەڕوو بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە بە گشتی بووەکانە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە تەواوی لە ئەنجامی تەنگژەکان یا دوژمنایەتییە شاراوەکان سەرهەڵنادەن. بەڵکو لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا گەلێکەوە سەرهەڵدەدەن کە کەم و کوڕییەکانیان دیاری کردووە، هەروەها ڕێگای کارکردنی بۆ نەهێشتنیان دیاری کردووە. بۆ نموونە، بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە وەستاون کە بێ عەدالەتی بۆ ڕوودەدات و چۆن لە ڕێگای خەباتی سیاسی دەکرێ کەم بکرێنەوە. هۆکارە خێراکەرەکان Precipitating Factors کە ئەو ڕووداوانەن کە ڕوودەدەن و دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی بزووتنەوەکە ڕاستەوخۆ برژێنە بواری کارکردنەوە. ڕووداوی قەدەغەکردنی روزاپاکز لە دانیشتن لەو بەشەی ئوتوبوسدا کە بۆ ڕەشپێستەکان تەرخان کرابوو لە مونتگریی لە ویلایەتی ئالاباما لە ساڵی ١٩٥٥ یارمەتی دەستپێکی بزاڤی مافە مەدەنییەکانی دا.

بە بڕوای **سملسەر** ئەم چوار هۆکارە پێکەوە ڕەنگە ببنە هۆی ئاژاوەی سەر شەقامەکان و ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژ، بەڵام ئەم هۆکارانە نابنە هۆی دەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی پەیدابێ، پێویستە ڕێبەرایەتی و جۆرە هۆکارێکی پەیوەندی ڕێکوپێك لە نێوان بەشداربووان و هەروەها سەرچاوەی ماددی پێویست هەبێ.

سەرەنجام چۆنیەتی پەیدابوون و کارکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە توندی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە Operation of Social Control. فەرمانڕەوایان ڕەنگە بەتەدەخول کردن و هەموارکردنی زەمینەی بونیادی و فشار کە بوونەتە پاڵنەری بزوتنەوەکە، وەڵامی بزووتنەوەکە بدەنەوە. بۆ نموونە، مومکینە لە کاتی ڕوودانی کێشەی نەتەوەیی، هەندێ لە خراپترین لایەنەکانی نایەکسانی نەتەوەیی کە بوونەتە هۆی توڕەیی و جەنگ گۆڕانی تێدا بکرێت. لایەنێکی تری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کاری پۆلیس و هێزە چەکدارەکانە. بۆ نموونە، هەروەك دیتمان، ڕادەی ناکۆکی لە ناو پۆلیس و سوپادا کاریگەریی بەرچاوی لەسەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و فەرمانڕەوایاندا هەیە.

مۆدێلەکەی **سملسەر**، سەبارەت بە قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کاری بە کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی بە کەڵکە. لە دیدی ئەودا، دەکرێ هەر قۆناغێك لە



قۆناغە یەك لە دوای یەکەکان وەك بەهای زیادکراو بۆ ئەنجامە گشتییەکە تێ بگەین و لە ڕاستیدا هەر قۆناغێك مەرجی ڕوودانی قۆناغەکانی ترە. بەڵام تیۆرەکەی **سملسەر** هەندێ گرفتی هەیە. بۆ نموونە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەنگە بەهێز بێ بەبێ ئەوەی هیچ ڕووداوێکی خێراکەر — وەك ڕووبەڕووبونەوەی ئاشکرا — لە گەشەو بڵاوبوونەوەیدا دەستی هەبێت. بەپێچەوانەوە، ڕەنگە کۆمەڵە ڕووداوێك ببنە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی هەلومەرجێك کە بزووتنەوەکە دروستی کردوون. جگە لەوە ڕەنگە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ببێتە هۆی دروستبوونی کێشە و گرفت لە بری چارەسەرکردنیان. بۆ نموونە بزووتنەوەی ژنان بە شێوەیەکی گشتی چالاکانە هەوڵی دیاری کردن و نەهێشتنی جیاوازیە رەگەزییەکان دەدات لە کاتێکدا کە ئەم نایەکسانیانە لە ڕابردوودا جێی نارەزایی نەبوونە. تیۆری **سملسەر** هەموو بزووتنەوەکانی بە وەڵامدانەوەی هەلومەرجی دیاریکراو دەهاتە بەرچاو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەندامانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەدیهێنانی گۆڕانی ویستراو خۆبەخۆ ڕێکخراو دەبن. لەم رووەوە گۆشەنیگای ئەو دەکەوێتە خاڵی بەرامبەر لەگەڵ ئەو گۆشەنیگایەی لە لایەن **ئالان تۆرینەوە** خراوەتەڕوو.

## ئالان تۆرین: مێژووگەرایی

**تۆرین** پێیوایە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی ئەو گرنگییەن کە لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا بە چالاکیگەرایی لە گەیشتن بە ئامانجەکان activism دەدرێت (Touraine, 1977, 1981). کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ بەوەی کە **تۆرین** بە مێژووگەرایی ناویدەنێ جیادەکرێنەوە، کە بریتییە لە شێوە تێڕوانینێك کە کەڵك لە ناسینی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگیرێت بۆ گۆڕینی فۆرمی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ژیان. بۆ وێنە دیاریکردنی نایەکسانییەکان لە پەروەردە و فێرکردندا یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان بوو لە ئەمریکادا. **تۆرین** زیاتر لەوەی گرنگی بە زەمینەی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بدات، گرنگی بە تێگەیشتنی ئەو ئامانجانە دەدات کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵیان بۆ دەدەن. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی وەڵامدانەوەیەکی نا عەقڵانی نین بۆ ناکۆکی و نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو ئەو بزووتنەوانە خاوەنی تێڕوانین و ڕێگای ئیشکردنی ئەوتۆن کە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن دەکرێ بەسەر ئەو ناکۆکی و نادادپەروەریانەدا زاڵ بین.

بە بڕوای **تۆرین**، ناکرێ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەك فۆرمەکانی تری کۆمەڵە و هاوکاری کە لە هەلومەرجی تری کۆمەڵایەتی جیابوونەوە تێ بگەین. ئەم بزووتنەوانە بە شێوەیەکی سروشتی لە ئەنجامی دژیەکی لەگەڵ گروپەکانی تر — بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ ڕێکخراوە



ڕەسمییەکان و هەندێ جاریش لەگەڵ بزووتنەوە ڕەقیبەکان — سەرهەڵدەدەن. هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەرژەوەندی و ئامانج گەلێکیان هەیە کە بە دوای دادەچن، هەروەها گۆشەنیگا و بیروباوەڕێك هەیە کە لەگەڵیدا ناکۆکن. بە بۆچوونی **تۆرین**، تیۆرەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (لە ناویشیاندا تیۆری **سملسەر**) گرنگیان بەوە نەداوە کە چۆن ئامانجی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی بەریەککەوتن لەگەڵ ئەوانی تردا کە بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە — هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە بەهۆیانەوە کار لە تێڕوانین و کردەوەی دژەکانیان دەکەن — دروست دەبن. بۆ نموونە ئامانج و تێڕوانینی بزووتنەوەی ژنان لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ دامودەزگاکانی ژێر دەسەڵاتی پیاوندا دروستبوون کە بزووتنەوەکە هەوڵی دەدا بیان گۆڕێت هەروەها ئەو ئامانج و تێڕوانینانە بە پێی سەرکەوتن و شکستەکانی بزووتنەوەکە گۆڕاون. سەرەڕای ئەوە، تێڕوانینی پیاوانیشیان خستۆتە ژێر کارتێکردنەوە. ئەم تێڕوانینە گۆڕاوانەش دیسان دەبنەوە هۆی گۆڕانی تێڕوانینەکانی بزووتنەوەی ژنان — ئەم پرۆسەیە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.

**تۆرین** پێیوایە کە دەبێ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە چوارچێوەی ئەوەدا کە ئەو ناوی لێ دەنێ مەیدانەکانی کارکردن بتوێژرێنەوە. ئەم چەمکە بە پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئەو هێزانە دەوترێت کە بزووتنەوەکە کەوتۆتە بەرامبەریان. پرۆسەی گفتوگۆی Negotiation بەرامبەر کە لە مەیدانی کارکردندا هەیە، ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانی ئەو هەلومەرجەی کە بزووتنەوەکە خەباتی لە دژدا کردووە، هەروەها ڕەنگە

ببێتە هۆی ئاوێتە بوونی گۆشەنیگای هەردوو لایەنەکە. لەهەر دووباردا ڕەنگە بزووتنەوەکە نەمێنێ — یا وەکو ڕێکخراوێکی ڕەسمی هەمیشەیی لێ بێ. بۆ نموونە کاتێك مافی مانگرتن و گفتوگۆی پەسندکراو بۆ کرێکاران و خاوەنکاران بەدەست هات، یەکێتییە کرێکارییەکان وەك ڕێکخراوگەلێکی ڕەسمیان لێ هات. ئەمانە بەرهەمی پرۆسەکانی پێشووی ڕووبەڕووبوونەوە بوون کە هەڵگری توندوتیژی بەرچاوبوو لە هەردوولادا. لەو بارانەدا کە سەرچاوەکانی دژیەکی درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن (وەك پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکارەکان) هەلی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێ لێرەو لەوێ هەردەمێنێ.



## هەڵسەنگاندن

گۆشەنیگای **تۆرین** ئەو ڕوونی و ڕاشکاوییەی گۆشەنیگای **سملسەری** نییە. لەگەڵ ئەوەشدا جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە بزووتنەوە کۆمەلآیەتییەکان لە ڕێگای پرۆسەی شێوە وەرگرتن و پێناسەی سەر لە نوێی بەرامبەر لە تەنیشت گروپ یا ڕێکخراوە، ناکۆك و ململانێکەران سەرهەڵدەدەن ڕوونە. ئەم شرۆڤە کردنە دەکرێ سەبارەت بەو بزووتنەوانەی کە پەیوەندیان بە گۆڕانی فەردییەوە هەیە بەکاربهێنرێ — وەك بزووتنەوە ڕزگاریخوازو گۆڕانکەرەکانی **ئەبریل** — ئەگەرچی **تۆرین** شتێکی ئەو تۆیان لەبارەوە ناڵێ. بۆ نموونە بزووتنەوەی ئەلکحولییە بێ ناوەکان بزووتنەوەیەکە پشت دەبەستێت بەو زانیاریانەی کە زانستی پزیشکی سەبارەت بە کاریگەریی ئەلکحول لە تەندروستی و چالاکی مرۆڤەکان دۆزیویەتەوە. ئەم بزووتنەوەیە لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ ئەو ڕێکلامە بازرگانیانە و ئەو فشارانە دروست بووە کە کۆمەڵگا دەیخاتە سەر ئەلکحولییەکان و ئەو تێڕوانینە شاراوانەی کە کۆمەڵگا لە ئاستیانیدا هەیە.

# بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سۆسیۆلۆژیا

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە دوو لایەنەوە جێی گرنگی سوسیۆلۆجیستەکانن، لە لایەك دەبنە بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە. بەلاَم لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتی گۆڕینی تێڕوانینی سوسیۆلۆجیستەکان دەدەن لە شرۆڤەکانیاندا سەبارەت بە بوارە ڕەفتارییەکان. بۆ نموونە، بزووتنەوەی ژنان تەنها لەو رووەوە کە بابەتێکە بۆ لێکۆڵینەوە گرنگ نییە، بەڵکو ئەم بزووتنەوەیە ئەو کەموکورییانە ئاشکرا دەکات کە لە چوارچێوەی تێڕوانینی سۆسیۆلۆجی دان و بەگەشەپێدانی (چەمکی وەك باوکسالاری) یارمەتی تێگەیشتنی بابەتە ڕەگەزییەکان و هێز دەدات. بەم شێوەیە نەك لە نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ڕێکخراوانەی لەبەرامبەریان دان پەیوەندی هەیە، بەڵکو لە نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خودی سۆسیۆلۆژیاش پەیوەندی هەیە.

## کورتە

١- لە زۆر ناوچەی جیهاندا، شۆڕشەکان لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوو روویان داوە. شۆڕشی ١٧٧٦ی ئەمریکا و ١٧٨٩ی فەڕەنسا ئامانج و داوای وایان خستۆتەڕوو کە لە ژیانی سیاسیدا زۆر بلاَوبوونەوە. زۆربەی شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم ئیلهامیان لە ئامانجەکانی سۆسیالیستی یان مارکسیستی وەرگرتووە.



٢- شۆڕش چەمکێکە کە بە ئاسانی پێناسە ناکرێ. بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە شۆڕش بژمێردرێ پێویستە خاوەنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری ئەوتۆ بێ کە ئامادەیی هەبێ لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، توندوتیژی بەکاربێنێ هەروەها دەتوانێت هەم دەسەلاَت بەدەستەوە بگرێت و چاکسازی پێویستیش ئەنجام بدات.

٣- تیۆرەی جۆراوجۆر سەبارەت بە شۆڕش خراونەتەڕوو. شرۆڤەی **مارکس** سەبارەت بە شۆڕش گرنگە — نەك لەبەر بەرهەمە فیکرییەکەی کە دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر باس بکرێ — بەڵکو لەبەر ئەوەی تا ئەندازەیەك لە دروستبوونی پرۆسەی شۆڕشگێری لە سەدەی بیستەمدا یارمەتی دەربوو.

٤- لەو ڕاستیەوە کە شۆڕش دیاردەیەکی ئاڵۆزە، گشتاندنی ئەو هەلومەرجەی کە دەبێتە هۆی ڕوودانی کارێکی ئەستەمە. زۆربەی شۆڕشەکان لەو کاتەدا ڕوودەدەن کە دەسەلاَتی حکوومەت لاواز بووە (بۆ نموونە لە ئەنجامی جەنگ) و گروپێکی ژێردەست دەتوانێ بزووتنەوەیەکی جەماوەری دروست بکا کە توانای بەردەوامبوونی هەبێ. شۆڕشەکان بە شێوەیەکی سروشتی بەرهەمێکی نەویستراوی ئامانجگەلێکی لاوەکین کە ئەم بزووتنەوانە لە سەرەتادا لە پێناویاندا تێکۆشاون.

٥- ڕژێمەکانی پاش شۆڕش بە زۆری هێزخوازن و بە شێوەیەکی تر سانسۆر و کۆنترۆل بەر قەرار دەکەن. شۆڕشەکان بە شێوەیەکی سروشتی دەرئەنجامی درێژخایەنیان لەسەر کۆمەڵگا هەیە. هەرچەندە جیاکردنەوەی ئەو ڕووداوانە لە هۆکارەکانی تر کە کاریگەرییان لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگا هەیە کارێکی ئاسان نییە.

٦- چالاکی ئاپۆرە نەک هەر لە شۆڕشەکاندا، بەڵکو لە زۆر باری تری گۆڕانی کۆمەڵایەتیشدا — وەك ئاژاوەی شاری — ڕوودەدەن. کردەوەی گروپە ئاژاوەچییەکان هەرچەندە زۆر وێرانکەر و بێ ئامانج دێنە پێش چاو، بەڵام هەندێ ئامانجی دیاریکراوی بەشدار بووان دێنێتە دی.

٧- بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا فرەجۆرن: بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگری هەوڵێکی بە کۆمەڵن کە لە ڕێگای کاری هەماهەنگەوە لە دەرەوەی دامودەزگاکانەوە هەوڵی بەرەو پێش بردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەدەن. سۆسیۆلۆژیا نەک ئەو بابەتانە دیراسەت دەکا، بەڵکو وەڵامی ئەو بابەتانەش دەداتەوە کە دیانخەنەڕوو.



**چەمکە بنەڕەتییەکان**

شۆڕش — کاری بە کۆمەڵ

یاخیبوون — بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی

**چەمکە گرنگەکان**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دیمۆکراسی | کۆمۆنیزم | مۆبالیزە | گروپی چەق بەستور |
| کودەتا | ناهاوسەنگی | فەرمانڕەوایی چەند لایەنە | گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکان |
| دژبەکی | بێ بەشیی ڕێژەیی | ترسی شۆڕشگێڕی | بزووتنەوەی گۆڕانکاریکەر |
| سۆشیالیزم | ڕێکخراو | چالاکی ئاپۆرە | بزووتنەوەی چاکسازی خواز |
| بزووتنەوەی ڕزگاریخواز | بزووتنەوەی گۆڕانکەر | مێژووگەرایی | مەیدانی کارکردن |

## سەرچاوە بۆ خوێندنەوەی زیاتر


John Dunn, “under standing revolutions” in his Rethinking Malern Polotical theoy (Cambridge: Cambridge university Press, 1985) a – discussion of the Problems of Understanding modern revolutions.

J. Caold stone, “The Comparative and historical Study of revolution” Annual Review of Sociology, & (1982) – auseful critical Survey of work coucerned with the comparative analysis of revolutions.

Roy Porter and M. Teich (eds), Revolution in history (cambridge: cambridge University Press – 1986) – readings in revolutionany history by Eric Hobsbawm, M. I. Finaly, Victor Kiernan and othaers.

John wilson Introduation to social movements (Newyourk: Basic Books, 1973) – ageneral discnssion of the major types of social movements, together with an interpretation of relevant theoretical approaches.